# هەندێ ڕایەڵی نێوان شیعرەکانی حافزی شیرازی ( ١٣٢٥-١٣٨٩ )و مەولەویی تاوگۆزی ( ١٨٠٦-١٨٨٢ )

پ.ی.د.ئەنوەر قادر محەمەد/ زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان

**پێشەکی**

ئێمە پێشتر لە چەند توێژینەوەیەکدا* کە لە ڕوانگەی دەقئاوێزانەوەن، ئەم زاراوەو چەمکەیمان تا ئاستێك ڕوونکردۆتەوە، بەتایبەتی یەکێك لەو توێژینەوانەش بە بەکارهێنانی میتۆدی زانای فەرەنسایی جیرارد جینێتە و ئەمەی بەردەستیشتان هەر ئەو ڕێبازە دەگرێتە بەر.

با سەرەتا هەر لەم بارەیەوە بە بۆچوونێکی خۆی دەستپێبکەین کە دەڵێ: "... بۆ ئەم ساتە (تەنیا) ئەوەی مەبەستمە لە تێکست ڕواڵەتی transcendenc (تێپەڕاندن و بەزاندنی دەقیەتییە)، ئەگەر ڕوونتریشی بکەینەوە هەموو شتێك کە لە پەیوەندییەکی کراوە یان شاراوەی تێکستەکانی تردایە. من بەمە دەڵێم transtextuality و ئەم دەقئاوێزانە تەنانەت تایبەتمەندیی چەمکە "کلاسیکییە"ی یولیا کریستۆڤاش دەگرێتەوە، مەبەستم لەمە بوون یان نەبوونی ئەو ئامادەیی دەقاودەقە (کەم یان زۆرە) سەرجەمییەی تێکستێکە لە یەکێکی تردا". (٤، ل٢٠٠)**

هەر لەم ڕووەوە زانای ئەدەبناسی سویدی ك.ئیسپمارك دەربارەی دیدی دەقئاوێزانی ج جینێت و دابەشکردنەکەی دەڵێت: "گەلێ توێژەر لە توێژینەوەی جیاجیادا هەوڵی دابەشکردنی ئەم {میتۆدەیان} داوە، بەڵام لە هەموویان جەسوورو بوێرانەتر ج.جینێتە لە کتێبەکەی palimsestes "الأطراس"دا". (٨، ل٢٢)

دیارە ئەم بەرهەمەی ج.جینێت چ لە ڕووی دابەشکردن و چ لەکاتی لێکدانەوەو شیکاریدا یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە. هەرچەندە وەك ئەدەبناسان ئاماژەیان پێداوە، لەگەڵ نرخ و بایەخی گۆشەنیگاکانی ج.جینێتدا، هێشتا نە خۆی و نە زانایان بە تەواوی و ڕەهایی بۆچوونەکانی وەرناگرن، بەڵام ڕووبەرێکی بەرفراوانی لە توێژینەوەی دەقئاوێزان و چەسپاندنی ئەم شێوازی لێکۆڵینەوەیەدا گرتۆتەوە.

هەر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری "دەقئاوێزان" پێناسەیەکی تری ك.ئیسپمارك دێنینەوە، دەڵێ: "ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ هەموو ڕامانێك دیالۆگ لەگەڵ ڕانانەکانی پێشوودا دەربارەی هەمان بابەت، هەروەك لەگەڵ ئەوانەشیدا کە دێن – دادەمەزرێنێ، کاردانەوەیان تێدەگاو وەریاندەگرێ. هەر ئەوکاتەش دەتوانرێ

---

* بڕوانە ئەم ژمارانەی گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (B): (ژمارە (١٨)، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦، ژمارە (٣٢) ئەیلوولی ٢٠١١، ژمارە (٢٨) کانوونی دووەمی ٢٠١٣).

** سیستێمی کۆد بۆ پەراوێزەکان بەکارهاتووە، واتە: ژمارەی یەکەم ئاماژەی سەرچاوەکەیە لە لیستی سەرچاوەکاندا و (ل) یش لاپەڕەکەیەتی.

لەو دەنگە تەنیایە تێبگەین کە لە ڕیزی بەیەکەوەی دەنگە ئامادەکانی تردا گەشە دەسەنێت و دەخەملێ". (٨، ل٢٠)

ئەو بۆچوونانەی هێنامانەوە جەوهەری دەقئاوێزان – ڕایەڵ و پەیوەندیی نێوان تێکستەکان، جا چ هی "پێشینە" یان ئەوانەی "دواییەن" و ئامادەن – دەردەخەن. بەواتایەکی تر لە دەری ئەم جوغزی تۆڕە بەیەکداچووەی تێکستەوە نە بەرهەمێکی ڕەسەن دەئافرێنرێت و نە دەتوانین لە تێکستیش بگەین. ئەرکی ئەم جۆرە توێژینەوانەش ئەوەیە کە ئەو ڕایەڵە "دیار" و "شاراوانە" بداتە بەر ڕۆشنایی‌و بتوانێ ئەڵقەی جیاجیای بەرهەمی تەنیا دانەرێك، یان هی قۆناغێك‌و چەندین قۆناغ پێکەوە گرێداو پەیدابوون‌و گەشەسەندنی دیاردەو بەرهەمە ئەدەبییەکان دەربخا.

هەر بۆ زیاتر سەلماندن‌و چەسپاندنی بابەتەکەمان دەگەڕێینەوە لای هەمان ئەدەبناسی سویدی کە دەڵێ: "بارت {مەبەستی ڕۆلان بارتە} گوێ بۆ هەموو ئەو زایەڵەو دەنگانەی تێکدەچڕژێن و بە جۆرێك کە هەم بێناون و هەم بە زەحمەت دەناسرێنەوە– شلدەکا. ڕوانگەی بارت بەشێوەیەکی بایەخدارو بەرچاو ئەو دەوروبەرە زمانییە فراواندەکات کە بە دەوری تێکستە ئەدەبییەکەوەن. ئینتەرتێکستوالێتی زۆربەی جار ئەوەیە، چۆن بەگشتی وا بکەین، کە لە تێکستێك بگەین‌و چێژی لێ وەربگرین. یان وەك تیۆریستی ئەدەبناسی قوتابخانەی نوێ، لاورێنت جێنی، تێی دەگا، لە دەری دەقئاوێزانەوە ناکرێ‌و ناشێ لە هیچ دەقێك بگەین". (٨، ل٢٣)

کلۆمی ئەم پێشەکییە، بە گۆشەنیگای خودی ج.جینێت دەربارەی لایەنەکانی تری میتۆدەکەی دەکەین و دواتر دەچینە سەر تەتبیقکردنی بە نموونەی شیعرییەوە، دەڵێ: "ئێمە لێرەدا ژانرو یاساو ڕێساکانیانمان هەن: theme (بابەت)، مۆدێل (تایپ، جۆر)...هتد من لە ڕوونکردنەوەو بەدواچوونیاندا archetext و archetextuality "کۆکەرەوەی دەق" یان ناو لێ دەنێم". (٩، ل٢٠١)

**جۆرەکانی میتۆدی ج.جینێت**

ئێستاش ئێمە هەر پێنج جۆری ترانستیکستوالیتیەکەی ج.جینێت بۆ توێژینەوەی شیعری حافزی شیرازی‌و مەولەوی تاوگۆزی دەخەینە کارو بە نموونەی شیعرییەوە هەوڵی دۆزینەوەی ڕایەڵی دیارو نادیاری شیعرییان دەدەین:

١– Intertextuality "دەقئاوێزان بەمانایەکی سنووردار": ئەمە زاراوەکەی یولیا کریستۆڤایەو ئەو بۆ هەموو میتۆدەکە بەکاریدێنێ، بەڵام ج.جینێت بە جیاوازی لە ئەو تەنیا لەم چەمکانەدا سنووردارێدەکات: allusion "ئاماژە"، qutation، citation "تێهەڵکێش" و plagiary "دزینی ئەدەبی"... و ئێمەش پراکتیزەیان دەکەین.

أ– allusion "ئاماژە" ئەوەیە کە: "ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی سەرچاوەیەکی ڕاگوزاریی هەندێ ڕووداو، کەس، شوێن یان کاری هونەرییە کە سرووشت‌و گونجانی لەلایەن نووسەرەوە ڕوونناکرێتەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی خوێنەر دەکرێتەوە کە پێیان ئاشنایە... تەکنیکی ئاماژە لە کورت‌و پوختکردنی مانای مێژوویی یان نەریتی ئەدەبیدا دێ، کە دانەر و خوێنەر ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ و تێیدا بەشدارن". (٢، ل٧)

بۆ هێنانەوەی نموونە بۆ "ئاماژە" لە شیعری حافزەوە دەستپێدەکەین، دەڵێ:

خمها همه در جوش و خروشند ز مستی

و آن می که در آنجاست حقیقت نه مجازاست (١٤، ص٢٨٦)

لێرەدا بەئاشکرا حافز هاتووە دوو چەمکی دوالیزمی دژی وەك "حقیقت" و "مجاز"ی هێناوە کە بە ڕووالّەت دژن و ئەینا یەکدی تەواو دەکەن.. دواتریش "می"ی هێناوە، کە ئەگەر بەمانا ئاساییەکەی وەریگرین کارێکە کە نەك هەر بەگوێرەی دابی موسوڵمانەتی نەیی لیّ کراوە، بەڵکو بە یەکێك لە گوناهە گەورەکان دەژمێردرێت.. بەڵام لە عورفی سۆفییەکاندا هەمیشە "مەی" مەودایەکی تری وەرگرتووەو چەندەها پێناسەی بۆکراوە، لە چەمکی "دنیایی"یەوە بۆ "ئەو دنیایی"یەکە گوێزراوەتەوە، یان بەواتایەکی تر پەیوەندییەکی دیالێکتیکییان لەنێواندا دروستکراوە.. حافز لەم وێنەیە سێبەرو ڕەنگی نەخشاندووە، کە زۆر بەرجەستەو بەرچاون.. با بزانین، مەولەوی لەم ڕووەوە چی دەڵیّ:

هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی　　　　وادەی دەورەتەن، هانا، هەی ساقی،

دەوریّ دەر وەناز وە پیاڵەوە　　　　ژەنگ دڵ وە جام مەی بماڵەوە

...........

ئیحیام کەر وە جام ساف یەك مەنی　　　　بەڵکوو بمانوون، پەی غەمیّ هەنی (١٩، ل٩٢)

ئێمە لێرەدا لە زاراوەی "ئاماژە" دەدوێین، کە شاعیرێك بەئاگا یان بێئاگا، "بەشێوەیەکی کورت و چڕو پوخت" ئاماژەی مۆتیڤێك، بیرۆکەیەك، وێنەی شاعیرێکی تر دەکاو بە خامەی خۆی دایدەڕێژێتەوە، بەڵام لە زەینی خوێنەر یان توێژەردا یەکسەر بەرهەمی شاعیری "پێشینە" بڵاچەدەداو بەرجەستە دەبیّ.. با بزانین کۆدی هاوبەشی بەیتی سەرەوەی حافزو ئەم چەند دێڕەی

مەولەوی چۆنەوە هەردووکیان چۆن تیشکۆی " مەی " یان کردووە وێنەی ناوازەیان لیّ ئەفراندووە.

مەبەستی هەردوو شاعیر لەم دوو نموونەیەدا کە هێنامانەوە بەهۆی هێزی مەیەوە ئازادبوونە لە تەمی دڵ و دەروون و هەوڵدانە بۆ بەرچاوی ژیری ڕوونبوونەوە.. ئەگەر حافز کورت و چڕ لە بەیتێکدا ئەمەی کردبیّ، ئەوا مەولەوی فۆکوسی وێنەکەی ئەوی بە سیّ دێڕ کردووەو بە وێنەیەکی میناتۆری تابلۆیەکی خوازەیی (ئەلیگۆری) نەخشاندووە، کە زیاتر پلاستیکییەو دەچێتە چوارچێوەی نیگارکێشانەوە، چۆن؟

مەولەوی بە ئاستەم گیانی تێدا ماوە ، ڕووی دەم لە (ساقی) دەکا، کە هێزێکی فریادڕەسە، بە هەچ مەودایەك لێکبدرێتەوە، سا ئەگەر بەمانا هەرەبەرزەکەی (کردگار) یان هێزانێکی خوارترین. ئەمە بزواندن و ورياکردنەوەیەك لای خوێنەر بەدیدەهێنیّ، هەروا چۆنیەتی کێشانی جمووجووڵی بە نازی (ساقی)، {دەوریّ دەر وە پیاڵەوە} ، دیسانەوە نیگارێکی بزواوەو هەستپێکراوە، دواتر بەرەو دەربڕینی "ژەنگ دڵ" و "جام مەی" کە هەریەکەیان بەشێوەیەك "مەحسووس" و "مەعنەوی" یان تێدایە، لە یەکەمیاندا دوو وشەی "ژەنگ" و "دڵ" ئەگەر بەتەنیا بیانگریّ هەستپێکراون، بەڵام کە لێکیان بدەی، دڵ ژەنگی لەکویّ بوو؟ هەرچی "جام مەی" یە ، ڕاستە جام و مەییش هەردووکیان بەتەنیا مەحسووسن و ڕەنگە بەتەواوی وەك لێکدانی " ژەنگ و دڵ " نەبن ، بەڵام لەم لێکدانەدا " مەی " لە واتا فەرهەنگییەکەیەوە گوێزراوەتەوە بۆ مانای خوازەیی ، کە مەبەست لێی " مەیی حەقیقییە نەك مەجازی " ، چونکە لە ئەنجامدا "ژەنگ دڵ" پاکدەکاتەوە و واتایەکی ئیدیالّی وەردەگریّ.. دەتوانین بڵێین لای حافز تا ئاستێکی باش بۆنی ئەوەی لیّ دیّ کە مەیی ڕاستەقینە گەیاندبیەتە "دڵنیایی".. بەڵام لای مەولەوی، هێشتا "پەی غەمیّ هەنیّ"، دڵنیا نییەو چاوەڕیّی "خەمێکی ترە".. ئەوەی دەشبیّ بوتریّ، کە مەولەوی توانیویەتی داهێنەرانە، کۆدەکانی

حافز بەکاربهێنێ و کێڕکێی لەگەڵدا بکاو بڕشتی خامەی داهێنەرانەی خۆی بەهەمان کەرەسە دەرببڕێ و لە هونەری "ئاماژە"دا باڵادەست بێ.

هەر بۆ هەمان زاراوەی "مەی" و بۆ ئەوەی کە زیاتر بەڵگەی شیعری بۆ بۆچوونی ئەوەی کە "مەی" لای ئەم دوو شاعیرە دوورە لە بەکارهێنانە زەمینییەکەی، نموونەی تر لە شیعری هەردوو شاعیر دەهێنینەوە، حافز دەڵێ:

بیخود از شعشعۀ پرتو ذاتم کردند     باده از جام تجلّی صفاتم دادند (١٣، ص١٠٧٥)

شاعیر بە "جام تجلّی" لە "صفات" کەیلبووەو لەبەر درەوشانەوەی گڕی "ذات"دا بیخودو مەست بووە،.. هەموو ئەم کۆدانەی شاعیر لەم بەیتەدا بەکاریهێناون، لە دەوری بەهای بەرزی یەزدانی و ڕۆشنایی "ذات" و "صفات"ی ئەو دەسووڕێنەوەو شاعیریان کەمەنکێشی لای شکۆو بەهای ئیدیاڵی کردووە.

زاراوەکانی دیوی دەرەوەی ئەم بەیتە، لە کۆڕی "مەی" و پێکهاتەکانی سازدانی ئەو کەش و هەوایەوە وەرگیراون، بەڵام شاعیر بەهەندێ هێماو کۆد خوێنەر وریادەکاتەوە، کە نەکا کوت‌ومت و بە ڕواڵەتی دەرەوەی بەیتەکەوە گیربخوات، هەرچەندە ئەوەندەی پەیوەندیی بە "چێژ و پاشخان و توانای ئەدەبیی خوێنەرەوە" هەبێت، کەس ڕێگەی لێ ناگرێ، وەك وەرگرێك لە روانگەی دنیابینی خۆیەوە بۆ شیعرەکە بچێ و چێژی لێ وەربگرێ، سەرەڕای ئەوەی لەم بەیتەدا ئەو کۆدانە زۆر ڕوون و دیارن و قەتیسکردنی بەیتەکە لە پلانە دنیاییەکەیدا تا ئاستی مەحاڵە..

حافز لە بەیتێکی تردا هەندێ سنووری دوگمای ئاینی دەبەزێنێ و زیاتر بەرەو بیرۆکەو ماریفەتی "یەکێتی بوون" دەڕواو لای وایە "خۆشەویستی" و "جوانی"ی کردگار لە هەر گەردێکی ئەم گەردوونەدا بڵاوەو دەدرەوشێتەوەو هەموو شتێك دەچێتەوە سەر جەوهەرە کوللییەکەو ئەوەی لە بەیندا هەیە، ڕواڵەتی و ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو، بۆیە، هەر لەسەر بنەمای مۆتیڤی "مەی و مەیخانە" دەڵێ:

در عشق خانقاه و خرابات فرق نیست     هرجا که هست پرتوی روی حبیب هست

(١٤، ص٤٠٤)

لێرەدا (حافز) فۆکوسی کۆدەکانی چ لە ڕووی فیکرەوەو چ لە ڕووی هونەرییەوە کردووە، بەڵام سەرچاوەی هەڵگۆزتنی وێنە شیعرییەکە هەر "مەی و مەوداکانی مەی و مەستییە".. ئەوەی بەرەو "یەکێتی بوون" دەچێ، جیاوازی نەکردنە لەنێوان "خانقاه" و "خرابات" کە ئەمە بە ڕواڵەتە ئاشکراکەی لە چاوی ئاینەوە گوناهێکی گەورەیە،.. بەڵام شاعیر لە وێنەیەکی شیعریی وەك: "پر توی روی حبیب"دا، خوێنەر هوشیار دەکاتەوە، ها! ئاگات لێ بێ، لە بەیتێکی تردا کە هێنامانەوە، "پر تو ذات و تجلّی صفات" هەبوو.. یان ئەم بەیتەی حافز کە دەڵێ:

آنجا که کار صومعه را جلوه میدهند     ناقوس و دیر و راهب و نام صلیب است

(١٤، ص٣٠٤)

ئەمە نەك هەر ئاماژەی بیری "یەکێتی بوون"ە، بەڵکو ڕێك شیعرەکەی ئیبنولعەرەبی (١١٦٥-١٢٤٠)مان بیردەخاتەوە کە دەڵێ:

لقد صار قلبي قابلاً كل صورة     فمرعى لغزلان و دير لرهبان

و بيت لأوثان و كعبة طائف     و ألواح توراة و مصحف قرآن

أ دين بدين الحب انى توجهت     ركائبه، فالحب دينى و إيمانى (٢٢، ص٧٨٨)

کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە حافز خۆشی سەرچاوەیەکی تری هەبووە بۆ دەقئاوێزان،...

هەر بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم بیرۆکانە بەیتێکی تری حافز دەهێنینەوە، بەئاشکرا ڕوونیدەکاتەوە، کە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە نابێ بە ڕواڵەت وەربگرین‌و ئەمە تەنیا سازدانی کەش‌وهەوایەکی هونەرییە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی ئایدیاڵی و پێی وایە کە "عارف" بەهۆی پرتەوی "مەی"ەوە دەرك بە نهێنییەکانی بوون دەکاو "گوهر"ی هەرکەسێك لەوەدایە کە ئەم "لعل توانی"یە بزانێ، دەڵێ:

عارف از پرتو می راز نهانی دانست        گوهر هرکس از این لعل توانی دانست

(١٤، ص٣٢٩)

هەمان بەیەکەوە گرێدانی دوو مەودایی چەمکی "مەی و خواردنەوەو ساقی" لای مەولەویش دەبینین و ئەمیش وەك حافزی "پێشینە"ی سەودای کێبڕکێ‌و هاریکاریی مۆزاییکی دەقی هەبووەو لەهەمان دەوروبەرو دنیای ئەدەبیدا پێگەیشتووەو لە سەرچاوەکانی هەمان بیرو ماریفەتی هەڵگۆزیوەو توانیویەتی شیعرەکانی بگەیەنێتە ئاستی ڕابەرەکانی شیعری ڕۆژهەلات بەگشتی‌و ئەدەبی ئێرانی بەتایبەتی، {دیارە مەبەست لە ئێرانی، فارسی نییەو مەبەست لە ئەدەبە بە زمانە ئێرانییەکان کە زمانی کوردیش، زمانێکی کۆن‌و ڕەسەنییەتی} .. با بە نموونەوە بدوێین، مەولەوی دەڵێ:

هانام هەر وە تۆن ساقی جەمین جام        ئیحیاکەر وە ناز، جە مەی، مەردەی خام
چەنی خەفنای چەم بدەر وە دەستش        وەی وەی وە ئەومەی یەکسەر کەرمەستش
شێوەی دانەی خاڵ نە تۆی جام مەی        نەشئەی مەزەی تۆم بدەوەش پەیاپەی
مەست بوون تا مەحشەر وەی ئارەزووی یار        جە نەفخەی هاوار دڵان بۆ بێدار
بەڵ خامی و عەبەس، بەدنامی و هەوەس        هەنی نە ئاڵەم نە زڕناش جەرەس

(١٩، ل١٥٨-١٥٩)

مەولەوی لەسەرەتای شیعرەکەیدا کە بە "ئیمشەو" (ل ، ١٥٨) دەستپێدەکات، باسی حاڵەتی دەروونی ئاڵۆزو پەشێویی خۆی دەکا، کە چۆن گیریخواردووەو پەستیی دایگرتووە، بۆیە لە بەیتی چوارەمی شیعرەکەیدا هانا بۆ "ساقی!" دەباو بەتەنیا فریادڕەسی دەزانێ.. جێگەی خۆیەتی نەریتێکی هونەریی جیاوازی غەزەل – لیریکی مەولەوی بەتایبەتی‌و شاعیرانی بە گۆرانی – هەورامی نووسیو باسبکەین، ئەویش ئەو بونیادە (داستانیییە)یە کە بە زنجیرەیەك وێنەو دێڕ فۆکوسی بیرۆکەو ئەندێشەی شاعیر دەکرێ، بەڵام لای حافز بە نەریتی شیعری کلاسیکیی عەرەبی – فارسی هەست بەجۆرە سەربەستییەکەی ڕێژەیی "بەیت" دەکرێت و زۆرجار واتاکەی خۆی دەدات بەدەستەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو جۆرە شیعرە ڕایەڵ و پەیوەندی لە سەرجەمیدا نییەو چەردەیەك بەیتی جۆراوجۆری دوور لەیەکن، بێگومان، نەء! بەڵام ئەو بونیادە داستانیییەی کە لە لیریکی هەورامیدا هەیە، جۆرە تایبەتمەندی و تۆکمەییەك بە سەرجەم شیعرەکە بەیەکەوە دەدات.. شیعری لیریکی مەولەویش نموونەیەکی هەرە دیاری ئەم گۆشەنیگا هونەرییەیە.. جا با بێینەوە سەر شیکاریی شیعرەکە، ئەگەر لای حافز لە تەنیا بەیتێکی سەرکەوتوو و نەخشاو بە چەند کۆدو لە وێنەی چڕو کۆکراوەدا، هەست‌و سۆزی خۆی دەربڕیبێ، ئەوا مەولەوی بەو شێوەیە شیعرەکانی داڕشتووە وا باسمانکرد.. لەم نموونەیەدا، بێجگە لەو سەرەتایەی باسکراو بۆ خۆشکردنی کەش‌وهەوا کە سازاندوویەتی، دێتەسەر ڕووی دەم لە (ساقی) کردن.. ساقی چ هێزو دەستەڵاتێکی هەیەو دەتوانێ چی بۆ شاعیر بکا؟.. ساقی: "جەمین جام"، "مەردەی خام، جە مەی"، "وەناز ئیحیاکەر"ە.. کەواتە، دەکرێ لێرەدا "ساقی" لە بەرزترین پایەی شکۆو بەهادا دانێین. چونکە لەچاو تروروکانێکدا، کە وێنەیەکی زۆر زیرەکانەی وێنەگرێکی باڵادەستە، دەتوانێ بە (مەی) شاعیر مەست

بكات، دواتر شاعیر سەرنجمان بۆ نوقتەیەكی دیاریكراو دەبا ئەویش "خاڵ نە تۆی جام مەی"ە.. ئێمە لە واتاو مەوداكانی "مەی" دواین‌و پێویستی بە دووبارەكردنەوە نییە، بەڵام ئێستە كۆدێكی تر "خاڵ" هاتووە، هەروەها "مەزەی تۆم" و "مەست بوون تا مەحشەر وە ئارەزووی یار".. دیسانەوە "نەفخەی هاوار دڵان بۆ بێدار"... هەریەك لەم وشەو دەربڕینانە هەروا بەبێ مەبەست ڕیز نەكراون،. "دانەی خاڵ" لە هەندێ زاراوەی سۆفیدا "خاڵ" وەك: "چاو، برۆ، گیسو، عیشوە،..." مانای تریان هەیە، بڕوانە (١١، ص١٢٦-١٧٧).

مەزەش لە شتەوە مرۆڤێندراوە بووە بە "مەزەی تۆ" – ڕووی دەم لەیارەو، شاعیر دەیەوێ "پەیاپەی" هەیبێ، دوایی دوو زاراوەی ئاینیی كتێبە ئاسمانییەكانی وەك "حەشر و نەفخ" كە فریشتە – ئیسرافیل لە ڕۆژی حەشردا دەدا لە "نەفخەی سوور" بۆ زیندووكردنەوەو بانگی بەرپابوونی قیامەتە، شاعیر ڕوواڵەتێكی ڕیالیی پێ بەخشیوون بۆ ئارەزووی یارو بێداربوونەوەی دڵن، واتە: لێرەدا "مەحشەر" كاتی دەستپێكی قۆناغی ئەبەدییەتە، بەڵام ئەمە كراوە بە پلانی داهاتوو و لێرەدا جەختكردن لە "مەست بوون لە ئارەزووی دیداری یار"ە،.. بەڵام دوا بەیتەكەی مەولەوی كلۆمكردنێكی بە پەندو ژیری ئامێزە، كە تا ئاستێك لە جۆشی لیریكیی شیعرەكەی كاڵكردۆتەوەو – بەلای ئێمەوە – وەك ئاو بە ئاگرداكردن وایە.

دەتوانین چەندین نموونەی تری هەردوو شاعیر لەم بوارەدا، كە بە دەوری "مەی" و "ساقی" و "بەرچاوو دڵ ڕوونی" و...هتد دا دەسووڕێنەوە بهێنینەوە، بەڵام دەمانەوێ هەر لەبارەی "ئاماژە"وە بۆ مۆتیڤ و وێنەو لایەنی تر بچین‌و شیبانبكەینەوەو ئەرك‌و دەوری هونەرییان لە مۆزاییكی دەقدا دەربخەین.

**مۆتیڤی "هجر و وصل" و ئاماژە**

چەمكی "دوالیزمی دژ"ی "هجر و وصل، ویصال"، كە مۆتیڤێكی زۆرباوی شیعری كلاسیكی‌و تەقلیدییە، هەمیشە شاعیران پەنایان بۆ بردووەو بە شێوازی هونەریی هەمەچەشن‌و جیاواز هەر شاعیرەو هەست‌و نەستی دەربارەی ئەم دوو حاڵەتە دژە – (ئەرێنی و نەرێنی)یە دەربڕیوە.. لەڕاستیدا ئەگەر هەندێ مۆتیڤی تر زۆر نزیك‌و هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤ بەو قووڵییە نەبووبێتن، ئەوا شاعیر – دڵدار هەمیشە كە ئاوڕی لەم بابەتە داوەتەوە، زۆر ڕاستگۆیانە ئەم چەمكە هەرگیز كۆن نەبووەی ئەندێشەی ژیانی خۆشەویستی‌و دۆستایەتییەی مرۆڤی دەربڕیوە، هەر ئەم دوو زاراوەیەش وەك هەندێكی تر لای شاعیرانی سۆفی‌و سۆفیمەشرەب بوونەتە دوو ئامێری بەهێزو بڕشتی بیرو دەربڕین و وێنەی شیعریی ناوازەی زۆریان لێ نەخشێنراوە.. لە یەكێك لە بەیتەكانیدا حافز ئاوا دێتەگۆ:

در هجر تو گر چشم مرا آب نماندست

گو خون جگر ریز كە معذور نماندست (١٤، ص٢٩٢)

ڕاستە ئەمە وێنەیەكی باوە كە شاعیر– دڵدار هەمیشە لە دووریی یاردا فرمێسكی ڕشتووە، بەڵام تا بەوئاستە گەیشتووە، كە بەهانە بۆ خوێنی جگەریش نەماوە، كە ئەویش لە چاوانەوە قوڵپ قوڵپ سەرنەكات.

ئەمە، ئاوا، بەڵام ئەگەر نموونەیەكی تری ئێجگار شیرینی وێنەی شیعری بۆ هەمان مەبەست بهێنینەوە، ئەوا ئەم وێنە شیعرییە ناسكەیە، كە هەرچەندە بنەماكەی تەقلیدییە بەڵام حافز گەیاندوویەتە ئاستێكی بەرزی ماناو نیگاركێشانی وشەو دەربڕین، شاعیر دەڵێ:

ناگشوده گل نقاب آهنگ رحلت سازكرد

ناله‌کن بلبل که فریاد دل أفگاران خوشست (١٤، ص٣٠٠)

شاعیر له دووانه‌یی "ژیان – مردن" ئه‌وه‌نده قووڵبۆته‌وه، که هه‌ستی کورتی ته‌مه‌ن‌و نزیکیی مه‌رگ هه‌میشه مێردەزمه‌ی خه‌یاڵی بووه. هه‌رواشه مرۆڤ کاتێ له‌سه‌ره‌تای مێردمنداڵی‌و لاویه‌تیشدایه تارمایی مه‌رگ به‌ده‌وریه‌وه‌یه‌تی، ئه‌مه نیشانه‌ی له ژین هه‌ڵهاتن‌و خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان نییه، به‌پێچه‌وانه‌وه خۆشویستنی بێسنووری ژیانه، که هه‌میشه وا هه‌ست بکه‌ین له‌ده‌ستیده‌ده‌ین‌و که‌م خایه‌نین وه‌ك گوڵ، هه‌روه‌ك حافز بۆی چووه‌و به‌م وێنه شیعرییه ناوازه‌یه نیگاری ئه‌م حاڵه‌ته‌ی کێشاوه.. ده‌ڵێ:

گوڵ که هێشتا تارای له‌ڕووی هه‌ڵنه‌ماڵیوه، ئاهه‌نگی کۆچکردن سازده‌کات، واته، هێشتا گوڵ هه‌ر خونچه‌یه‌و نه‌کراوه‌ته‌وه، که‌چی باسی وه‌رین له‌ئارادایه، بۆیه ڕووی ده‌م له بولبول ده‌کات و پێی ده‌ڵێ، با ناڵه‌و فریادی دڵبریندارا‌ن ببیستین، که بۆ لاواندنه‌وه‌و سازدانی ئه‌م "ئاهه‌نگی ماته‌م!"ە، پێویسته..

مه‌وله‌ویش له‌م باره‌یه‌وه ده‌ڵێ:

| | |
|---|---|
| وێت بده‌ر ئینساف نه‌ونه‌مام نۆ | مه‌رده‌ن خاسته‌ره‌ن یاخۆ دووری تۆ؟ |
| مه‌رده‌ن یه‌ك ساته‌ن ئه‌رواحه‌که‌ی وێم | دووریت هه‌ر ساتێ سه‌د مه‌رگه‌ن په‌رێم |
| مه‌ر جه‌سته‌ی خه‌سته‌ی من جه فووڵاده‌ن | یه‌ند دووریت وینۆ هێمان دڵشاده‌ن |

(١٩، ل٢١٠)

مه‌وله‌ویش وه‌ك نموونه‌ی یه‌که‌می "هیجر – دووری" ڕووی ده‌می له دۆسته‌و ڕازی دووری هه‌ڵده‌ڕێژێ، پێی وایه، مه‌رگ ساتێکه‌و ده‌بڕێته‌وه، به‌ڵام ئه‌م دوورییه هه‌ر ساته‌و بۆ خۆی مه‌رگێکه، به‌ڵام هێشتا له‌گه‌ڵ سکالایشیدا هه‌ر دڵشاده به‌م خۆشه‌ویستییه‌و به‌م ئازاری دووری کێشانه، چونکه هیوای به‌و خۆشه‌ویستییه گه‌وره‌یه‌ی نێوان خۆی و دۆست هه‌یه.

ئه‌گه‌ر باسی "وه‌سڵ – به‌یه‌ك گه‌یشتن" بکه‌ین، ئه‌وا ڕوویه‌کی تری هه‌ست‌و نه‌ست‌و ئه‌زموونی مرۆڤ ده‌بینین، که ئه‌ڕێنییه‌و شاعیر که به‌یاری شادببێ، هه‌موو ده‌وروبه‌ریشی دڕك‌و تاریکی بێ، لای ئه‌م هه‌ر گوڵ‌و ڕووناکییه. حافز له‌م باره‌یه‌وه ده‌ڵێ:

| | |
|---|---|
| دانی که چیست دولت دیدار یار دیدن | در کوی أو گدائی بر خسروی گزیدن |

...........

خواهم شدن به بستان چون غنچه با دل تنگ و آنجا به نیك نامی پیراهن دریدن

| | |
|---|---|
| گه چون نسیم با گل راز نهفته گفتن | گه سرّ عشقبازی از بلبلان شنیدن |
| بوسیدن لب یار اوّل از دست مگذار | کآخر ملول گردی از دست و لب گزیدن |
| فرصت شمار صحبت کز این دو راهه منزل | چون بگذریم دیگر نتوان به هم رسیدن |

(١٣، ص١٠٨٧)

ئه‌وه‌ی که له شیعرو شیعری کلاسیکدا به‌رچاوده‌که‌وێ شاعیران به‌گشتی‌و به‌تایبه‌تی لای ئه‌م دوو شاعیره‌ی توێژینه‌وه‌که‌ی ئێمه، زۆربه‌ی کات هه‌ر "هجر – دووری" به‌سه‌ر "وصال – ژوان"دا زاڵه.. دیاره وه‌ك لایه‌نی ژیان‌و گوزه‌رانیش مرۆڤ ئه‌گه‌ر هه‌ر له ژوان‌و دیداری یاردا بژی، ڕه‌نگه ئه‌و پێویستییه‌ی له "هجر"دا به شیعر هه‌یه‌تی، وه‌ك ڕاستییه‌ك، له‌مه‌ی دووه‌میاندا نه‌یبێ.. هه‌ر بۆ لایه‌نی ڕاستیی ئه‌م بۆچوونه‌ش ئه‌گه‌ر غه‌زه‌له‌کانی ئه‌م دوو شاعیره بژمێرین، ئه‌وا هیچ گومانێك له‌وه‌دا نامێنێته‌وه، که هه‌میشه دووری‌و ئازار چه‌شتنی به دیداری یار نه‌گه‌یشتن ئاشکرایه، به‌ڵگه‌یه‌کی تری ئه‌م ڕایه ئه‌وه‌یه، له‌م نموونه‌ی حافزدا "وصال" نییه، به‌ڵکو ئاوات خواستن‌و خه‌وبینینه به دیداره‌وه‌و ڕاده‌ی جۆش‌و

سۆزەکەش ئەوەندە ئاستی بەرزە، کە شاعیر بەخۆی دەڵێ، ئەگەر خوای کردو هاتەدی لەدەستی مەدە،.. بەڵام ئایا مەبەست لە "وصال"ە دنیاییەکەیە؟ بەلای زۆرەوە نەء! چونکە تەنیا ئامێرو کەرەسە هونەرییەکان بۆ نەخشاندنی بیرەکە، لە ئەڤینی دنیاییەوە وەرگیراون..

شاعیر هەر لە یەکەم بەیتدا بە دووانەیەکی دژ کە "خسروی – شاهی" و "گدائی" دەستپێدەکات و لای وایە "دولت دیدار یار" بە گەدایی هەزار تەختی پاشایەتی دێنێ.. دوایی لەڕێگەی هەندێ وێنەی شیعرییەوە دەربڕدراوە وەك "بستان" و خۆکردن بە "غنچە با دل تنگ" و دوایی وەك گوڵ بە ناوبانگ باشیی کراس دڕین، یان وەك کورد دەڵێ: "یەخە دادڕین" بەمانا ئەرێنییەکەی کە دڵدار لە خۆشیی بەیارگەیشتندا ئەمە بکات. هەرچەندە "کراس و یەخە دادڕین"، لە کوردەواریدا زیاتر مانای نەرێنی هەیە، بەڵام بەگوێرەی شیکاریی دیوانەکە، هەردوولایەن دەگرێتەوە.. فۆکوسی ئەم وێنەیە بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی بارە دەروونییەکەی شاعیر – دڵدار، کراوەو لەبەرچاوی خوێنەرداو وێنەیەکی جوانی شیعریی تر کە "چواندنی نواندن"ە، بەرجەستە دەبێ، دەڵێ:

گە چون نسیم با گل، راز نهفتە گفتن..

شاعیر = نەسیمە، یار = گوڵە.. جوانتریش کراوە بە "ڕازی نهێنی" وتن، ئەمەش بە خامەی نیگارکێشێکی داهێنەر ئەو ساتەی کێشاوە، کە مرۆڤ چیەو ڕازی نهێنی بە سەرخستنە پەنا گوێی یەکتر دەربڕێ، وەك ئەو ئازادییەیە کە "نەسیم" لە نزیکبوونەوەی لەگەڵ گوڵدا هەیەتی.. بێگومان هەموو تابلۆ سرووشتییەکە گواستراوەتەوە بۆ ئەرکێکی شیعریی تر، بۆ نێوانی دڵدارو یار و،.. لە هەنگاوێکی تری خەملاندنی تابلۆکەداو وەك بیرهاتنەوەیەکی لەخۆوە، "گل" یەکسەر "بلبل" دێنێتە ناو بۆئەوەی جێگەی خۆی بگرێ،.. ئەگەر وێنەی نیوە دێڕی یەکەم، هێمنیو بێدەنگییەکی پێوە دیار بێ، ئەوا دەبێتە ئەوەی "سرّ عشقبازی" لە "بولبول"یش ببیسترێ و ئاوازەی چەهچەهەی بولبول بەرزبێتەوە. شاعیر لەم زیندەخەوەیدا بەخۆی دەڵێ کە هەل لەدەست مەدەو "پیری و مەرگ" بەڕێوەن، ئەوکاتە مرۆڤ دەستەوسان دەبێت. لە بەیتی شەشەمدا، دوانەیەکی جەوهەری هەردوو ڕێگای "لەدایکبوون" و "مردن" دێنێتەوە، کە کەس لێی دەرباز نابێ.. هەموو ئەم لادیمەنانە وادەکات کە ئەم شیعرە پلانی دووەمیشی هەبێ و مەبەست لە عەشقە یەزدانییەکە بێ، ئەوکاتە دەتوانین لەباتی ڤیگەرە ڕووالەتییەکان ئەوانەی دابی نەریتی سۆفییەکان دابنێین، کە سۆفی – شێخی کامڵ – لە عەشقدا دوا پلەی بەرزی دڵنیاییە... هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی حافزناسان، بەتایبەتی ئێرانناسە ئەورووپاییەکان مەودای سۆفیی شیعری حافز بە ڕاشکاوی وەرناگرن*.

مەولەویی تاوگۆزیش بەهەمان شێوە، شیعرێکی هەیە، کە ئاماژەو تاپۆی ئەم "وصال"ەی بە ڕوونی تێدا دیارە، بەڵام ئەمەی مەولەوی زیندەخەو نییەو لە واقیعدا ئەم دیدارە هەبووە. لە سەرەتای شیعرەکەدا باسی سرووشت و دەوروبەر دەکاو دەڵێ:

ئاماوە وەهار، وەهار شادی          بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی

---

* لەوانە زانای ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ئە.ف.ئەکیموشکین کە لێکۆڵینەوەی پێشڕەوانەی دەربارەی سۆفیزم و شیعری حافزو مەولانا هەیە،.. پێی وایە کە حافز لیریکەو بەرزیی شیعرەکانییەتی مەودای سۆفییانەش هەڵدەگرێ، من ئەمەم چەندین جار لە سیمینارو کۆڕە زانستییەکانی "سێسێی" زانستگەی ڕۆژهەڵاتناسیی سانت – پیتەربورگدا لێ بیستووەو تەنانەت جارێك کە خۆم لە "سێسێی" ساڵانەدا تێزێکی کورتم بەناونیشانی "هەندێ مۆتیڤی حافز لە شیعری مەولەوی"دا پێشکەشکرد، کە دواتر بۆتە بەشێکی نامەی دوکتۆراکەم،.. خۆم لە قەرەی لایەنە سۆفییەکە نەدابوو، زۆری پێ خۆشبوو، پەسنی بابەتەکەی دام. شایانی باسە، ئە.ف.ئەکیموشکین پاشەکییەکی نایابی بەناوی "ئیلهامدەرێك لە ڕۆمەوە"ی بۆ "مثنوی معنوی"ی مەولانای ڕۆمی کە کراوە بە ڕووسی – نووسیوە. بڕوانە: (١٢، ل٢١٥–٢٣١)

خێڵخانەی خەفەت باربەنیش کەردەن　　مەینەت ڕوونیان وە ماوای مەردەن

...........

بەزم شەوق و عەیش نە دەروون جەمەن　　ئانە هیچ نەبۆ نە دەروون خەمەن

ئینە نەتیجەی دیای باڵای تۆن　　نیشانەی ویساڵ خاڵ ئاڵای تۆن

سروور نەشئەی بادەی لوتف تۆن　　تەئسیر بۆی عەتر موشك زوڵف تۆن

(١٨، ل٣٨؛ ١٩، ل١١٦-١١٧)

لێرەدا ڕووی دەمی شاعیر لە "دۆست"ە، بەڵام "کام دۆست؟"، "دۆستەکەی گیانی!".. هەرچەندە هەموو وشەو دەربڕین‌و کۆدەکان ئەوانەی نێوان دڵدارانن، بەڵام ئەو خەم ڕەوینەوەو بەرچاو ڕوونییەی شاعیر بەهۆی ئەم وەسف‌و وێنە جوانانەی سرووشتەوە دەریبڕیون، دواتریش هەندێ زاراوەی سۆفییانەی وەك: "سروور، نەشئەی بادە، لوتف، عەتری موشك، دیای باڵا، ویساڵ خاڵ ئاڵا..." هەمووی لە فەرهەنگی سۆفییەکاندا مانای جیاوازیان لە مانا ئاساییەکەیان هەیەو بەڵام ئەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمە بەدەرە، بۆیە لەسەری ناڕۆین..

کەواتە ئەم دوو مۆتیڤە "هجرو وصال" بە هەموو لادیمەن‌و مەوداکانیانەوە، بەهۆی هونەری ناسکبێژیی "ئاماژە"وە لای ئەم دوو شاعیرە هەن‌و ڕایەڵی ئاماژەکەش چ وەك بیرۆکەو چ وەك لایەنە زمانییە هونەرییەکە لەنێوانیاندا ئاشکرایەو یەکێکن لە تەوەرەکانی جۆری یەکەمی دابەشکردنەکەی ج.جینێتیش.

ب- تێهەڵکێش:

ئەم هونەرەش لە ڕەوانبێژیدا بایەخی خۆی هەیە، (ج.جینێت)یش کردوویەتی بە یەکێك لە چەمکەکانی بەشی یەکەمی میتۆدەکەی، واتە: دەقئاوێزان بەمانایەکی سنووردار، هەمیشە ئەمیش وەك "ئاماژە" ڕووبەرێکی باشی شیعری داگیرکردووەو شاعیران بەکاریانهێناوە، لەم ڕووەوە زانای ئەدەبناسی ناسراوی کورد د.عەزیز گەردی ئاوا پێناسەی کردووە: "تێهەڵکێش ئەوەیە کە هۆنەر یا نووسەر نیو دێڕە هۆنراوە یا دێڕە هۆنراوەیەك یا پارچە هۆنراوەیەکی تەواوی هۆنەرێکی تر بێنێ و لە نووسین یا هۆنراوەکەی خۆی هەڵبکێشێ‌و پێ‌ی برازێنێتەوە". (١٦، ل٥٢) یان وەك لە "فرهنگ اصطلاحات أدبی"دا هاتووەو دەڵێ: "تضمین – در لغت به معنی بر عهده گرفتی تاوان، ضامن شدن، در پناه خود در آوردن، در ظرفی قراردان (چیزی را)، آوردن مصراع بیت یا ابیاتی از شعر دیگران در ضمن شعر خود – اگر شعر مشهور و شاعر آن شناخته باشد احتیاجی به ذکر نام شاعر آن نیست، و الا باید نام شاعر را ذکر کرد تا سرقت ادبی محسوب نشد". (١٥، ل١٤٢)

ئەم هونەرەش جۆری هەیە، جاری وا هەیە شاعیر ناوی ئەو شاعیرەش کە لێوەی وەرگرتووە دەهێنێ‌و ڕاستەوخۆ باسیدەکا، یان هەندێ شیعری لەسەرزاری شاعیرانی ناودار هەن، کە تەنانەت پێویستیان بە ناوهێنانی شاعیرەکە نییەو بەئاشکرا خۆی هاوار دەکا.. شاعیریش هەیە بەهیچ شێوەیەك ئاماژە ناکا، بەڵام شیعرەکەو لایەنی بیرو نەریتە هونەرییەکان خۆیان بەڵگەی وەرگیراویانن.. تەنانەت شاعیریش هەیە نەیدەکا، کە ئەو شیعرەی هەر دیبێ، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی عەرەب پێی دەڵێ: "توارد الخواطر" یان لە ئەدەبی بەراوردا "لێکچوونی تیپۆلۆگی"... ڕاستییەکەی لە بەرهەمی حافز و مەولەویدا کەرەسەی زۆری ئەم هونەرە هەن، بەڵام ئێمە دوو نموونەی شیعری لە شیعری هەردووکیان دەهێنینەوە، چونکە توێژینەوەکەمان نە هەر ئەمەیەو نە بە بەرییەوەیە بە فراوانی دەربارەی بدوێین، حافز دەڵێ:

**چشم حافظ زیر بام قصر آن حوری سرشت**

**شیوهٔ جنات تجری تحت الأنهار، داشت**

**(١٤، ص٤٨٨)**

**پێشەکی دەبێ ئەوە بڵێین کە حافز پەنای بۆ ئایەتی قورئان: "جنات تجري من تحتها الأنهار" (سورەتی البقرة: ئایەتی ٢٥) بردووەو ناوی "حور"ی هێناوە کە تێهەڵکێشێکی ئاشکراو ڕاستەوخۆی ئایەتی قورئانە، بەڵام چاوی خۆی لە فرمێسک ڕشتندا چواندووە بەو ڕووبارەی بەژێر کۆشکەکانی بەهەشتدا دەڕواو پڕ لە "حورییە"، کەواتە لێرەدا حافز پەنای بردۆتە بەر کتێبی ئاسمانیو دەیەوێ بەرهەمی خۆی بداتە پاڵ ئەو کولتوورە بەرزە ئاینییە.. بەڵام دژایەتییەك – بە بۆچوونی ئێمە – هەیە، کە حافز بە مەبەست هێناویەتی، چونکە حاڵەتی ئەم فرمێسک ڕشتنێکی نەرێنییە، بەڵام بەهەشت دوا مەنزڵی ئەبەدیی لە نازو نیعمەتدا ژیانی خواپێداوانە..**

**هەر لەم ڕووەوە، مەولەویش دووبەیتێکی هەیە، کە هەم ئاماژەیە بە ئایەتی قورئانو هەم سێبەری شیعرەکەی (حافز)یشی تێدا دەبینینەوە، دەڵێ:**

**گۆشەی سیاماڵ هۆرداو دیاوۆ        چون مانگ نە گۆشەی هەوری سیاوە**

**بەخودا قەسەم پاسەم ئومێدەن        "حور مقصورات في الخیام" ئێدەن[*]**

**ئەگەر مەولەویش خۆی سەربەخۆ لە قورئانی وەرگرتبێ، یان لە زەینیدا ئەم بەیتەی حافزیش هەبووبێ، هەر دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ.. بەهەرحاڵ مەولەوی نیگارێکی جوانی کێشاوە:**

**گۆشەی سیاماڵ = هەور**

**مانگ = نازدارێك (کە لە حۆریی بەهەشت دەچێ)..**

**هەرچەندە جۆری پەیوەندییەکە جیاوازە، حافز شیعری دەربارەی یارەکەیەتی، بەڵام مەولەوی بە ڕێکەوت ئەم دیمەنە دەبینێو وەك چاودێرێکی دەری ڕووداوەکەو تەنیا هەست بە جوانیکردنی یەزدانی ئەم دوو بەیتەی نووسیوە، ڕاستە هەمان زاراوەکانی (حور) و (قصر) و ئاماژەکانی قورئان بەرچاون، بەڵام بەیتێکی نیگارکێشانەی خستۆتە سەر، ئەگەر ئەو ڕایە بە هەند وەربگرین، کە بەیتی دووەم هی بێسارانی بێ – کە پێمان وا نییە – ئەوا ئەو کاتە تێهەڵکێشی دەقئاوێزانەکە بەرەوڕووی بێسارانی دەبێتەوە،.. تێهەڵکێشەکەی مەولەوی لەنێوان خۆیو بێسارانیدا دەمێنێتەوەو هەر هەمان هونەری ڕەوانبێژی – دەقئاوێزانە.**

**نموونەیەکی "تێهەڵکێش"ی تری شیعری حافز و مەولەوی دەهێنینەوە، حافز دەڵێ:**

**چو ماه روی تو در شام زولف میدیدم        شبم بروی تو روشن چو روز میگردید**

**(١٤، ل١٣٥٢)**

---

[*] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس پێی وایە مەولەوی دەڕوا بۆ دیدەنیی مەحموود پاشای جاف کە ئەم دیمەنە دەبینێ، بەڵام (حیجازی و گۆران) دەڵێن، حەکیم مەلا ساڵح وتوویەتی: دێڕی دووەم هی بێسارانییەو مەولەوی بە دێڕێکی خۆی پێشوازیی لێ کردووە (٢٠، ل١٢٤). بەهەرحاڵ کاری ئێمە تێکستۆلۆگی نییەو مودەڕیسیش ڕووداوێکی هێناوەو دەشڵێ مەولەوی ئەم دوو دێڕەی بۆ نووسیوە.. بۆ ئێمە ئەگەر بۆچوونەکەی حەکیمیش بێ کە ئاماژەی هیچ سەرچاوەیەکی بۆ ئەم بۆچوونەی نەکردووە، ئەوا لەم بابەتەی ئێمەدا دەوڵەمەندتر دەبێ، چونکە لای مەولەوی دەبێتە تێهەڵکێشێکی سێ لایەنە: "قورئان، حافز، بێسارانی". هەرچەندە بەئاشکرا دیارە، کە دێڕی دووەم سەرەتای شیعر نییەو تەواوکەری شتێکی پێشترەو ڕێی تێ ناچێ مەولەوی ئەوەندە کەم دەستەڵات بووبێ پەنا بۆ ئەمە ببات.

حافز لەسەر بنەمای "دوالیزمی دژ" وێنەیەکی شیعریی دوو دیمەنەی داڕشتووە، وێنە دژەکان: ماه – ڕوو × شام – زوڵف – شب × روز . لە هەندێ ڕەوتا لەسەر بنەمای ڕەنگی سپیی ڕۆژو ڕەشیی شەو بنیاتی ناوە، کە ڕەنگی ڕووخساری یارو زوڵفیشی هەمان سپییەتیو ڕەشییان هەیە. ئەمە ڕوویەکی وێنەکەیە، بەڵام هەروا نیگارێکی بێگیانو وشکو بڕینگ نین، بەڵکو باری دەروونیی شاعیرو دواتر ڕووی ئەرێنیو نەرێنیی ژیان دەردەبڕن، کە هەمیشە ڕەنگی ڕەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لە جوانیی زوڵفی یاردا نەبێ بۆ نموونە، دەربڕی لایەنی نەرێنی و ناخۆشییە.. با بزانین مەولەوی هەر لەم کۆدانە چۆن هونەری تێهەڵکێشی لە شیعری حافزی "پێشینە"ی داڕشتووە، مەولەوی دەڵێ:

تا وە زوڵف و ڕووی تۆ تەماشامەن ئەدای نمای فەرز صوبح و عیشامەن*

(١٨، ل١٣٧)

کۆدەکان هەمان شتن = زوڵف × ڕوو

بەڵام (شب و روز) بووە (صوبح و عیشا) کە ڕاستییەکەی لەیەکەوە نزیکن و لە بنەڕەتیشدا هەر لەسەر بنەمای هەردوو ڕەنگی ڕەش (شەو) × سپی (ڕۆژ، صوبح) داڕێژراون..

ئەوەندە هەیە، کە مەولەوی تویژاڵێکی ئاینیی بە هێنانی نوێژی بەیانیو شێوان بەسەردا هێناوەو خستوویەتیەوە جوغزی سۆفیگەری، ئیتر دیارە مەبەست لە (شێخی کامڵ)ە.. بەپێچەوانەی زاڵیی ڕووە ریالیستییەکەوە لای حافز.

بایەخی بەرهەمی نەمر بۆ توێژینەوە ئەوەیە، کە ئەوەندە بەپێزو ڕێژەنە، دەست بۆ هەر لایەکی ببەی دەرگاو پەنجەرەی تازەت لا والادەبێتەوە و دانسقەییو تۆکمەییو بەرزیی بەرهەمەکەت لا دەردەکەویو تەنانەت ئەگەر توێژەر بەئاگا نەبێ وا بابەتەکەی لا پرژوبلاودەبێتەوە، کە هێنانەوە سەریەکی سەخت دەبێ، هەر بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەمان، لەو چەند نموونە کەمەی لە بەرهەمی ئەم دوو شاعیرە کە بۆ جۆری یەکەمی میتۆدی ج.جینێت هێنامانەوە، چەند لادیمەنی شاراوەو نهێنیمان هاتە بەرچاو.. کە تەنیا لە بەکارهێنانی دوو زاراوەی ڕەوانبێژیدا کە "ئاماژە" و "تێهەڵکێش" بوون.. ئەمەش نیشانەی ئەوەن شیعری بەرز چ تەلارسازییەکی وردی تێدا بەکارهاتووە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕۆژگار دەڕۆستی لەبیربردنەوەی نەبێ.

٢- Paratextuality – پێداویستییەکانی دەق (الموازیات النصیة)

ئەمە جۆری دووەمە لە میتۆدەکەی ج.جینێتدا، کە بە چەند نموونەیەك لە شیعری هەردوو شاعیر دەیخەینە گەڕو ڕایەڵی دەقئاوێزانی نێوانیان دەدەینە بەر ڕۆشناییو هەوڵدەدەین پایەی شیعریی هەردوو شاعیر لە پرۆسەی تێکچڕژانی تێکستەکانیاندا ڕوونبکەینەوەو بیخەینە بەرچاو.. لەسەرەتادا بە پێناسەکەی ج.جینێت خۆی دەستپێدەکەین، کە زۆر بە کورتو پوختی مەبەستی پاراتێکستوالێتیی دەستنیشانکردووە، دەڵێ: "پاراتێکست ئەو ڕەگەزانە دەستنیشاندەکات کە لە ئاستانە (threshold)ی تێکستەکەدانو یارمەتیی خوێنەر لە جڵەوگرتنە دەستو پێناسەکردنو سەرەودەریکردنی تێکستەکەدا – دەدەن. ئەم ئاستانەیە لە (peritext) "ئەوەی نووساوە بە تێکستەکەوە"، کە لە هەندێ ڕەگەزی وەك: ناونیشانو جۆرەکانی، بەش، پێشەکی، تێبینیو پەراوێز، هەروەها لە (epitext) "دەری تێکستەکە" پێکدێ کە ڕەگەزەکانی وەك: گفتوگۆ، نووسینی بلاوکراوە، پێداچوونەوەی ڕەخنەگران، نامەی شەخسیو

* شایانی باسە، ئەم بەیتە لەوەی حیجازی و گۆراندا نییە.

موناقەشەی دانەرو نووسەران کە لە دەرەوەی خودی – تێکستەکەوەن. پاراتێکست کۆی پێریتێکست و ئێپیتێکستە". (١، ل١٠٣) یان وەك زانای ئەدەبناسی سویدی ك.ئێسپمارك چڕیکردۆتەوە: "{دەتوانین} بەیەك وشە بڵێین {پاراتێکستوالیتی} هەموو چوارچێوەی بەرهەمی تێکستەکەیە". (٨، ل٢٢)

شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵات لەوانەش فارسیو کوردی ناونیشانیان نییەو وا باویشە کە لە پێڕستدا نیوبەیتی یەکەمی لەباتی ناونیشان دەنووسرێ. گەلێ جاریش ئەم شیعرە لیریکییانە بە ڕووی دەم کردنە کەسێك یان شتێك دەستپێدەکەن، بۆنموونە: ساقی، یار، شێخی کامڵ، هاوڕێ... یان هەندێ دیاردەی سرووشتیی وەك: نەسیم، شەماڵ (با)،.. یان لەگەڵ هەر دیاردەیەکی سرووشتیی تردا شاعیر دەکەوێتە گفتوگۆ، تەنانەت لە شیعری کلاسیکیی عەرەبیدا زۆرجار لە بابەت و تێمە شیعرییەکانی جیا لە شیعری خۆشەویستیش یەك دوو بەیتی "لادان و تێهەڵچوونەوەیە"* و بە ڕووی دەم کردنە خۆشەویست دەستپێیکردووەو دوایی هاتووەتە سەر ئەو بابەتە شیعرییەی شاعیر مەبەستی بووە، دیارە بەو شێوە کوتو متە نا، بەڵام بریسکانەوەیەکی لێرەش هەیە، نموونەیەکی ئاستانەی ڕووی دەم لە "ساقی" کردن، ئەم غەزەلەی حافزە، دەڵێ:

ساقی بیار بادە کە ماە صیام رفت　　در دە قدح کە موسم ناموس و نام رفت
وقت عزیز رفت بیا تا قضا کنیم　　عمری کە بی حضور صراحی و جام رفت
مستم کن آنچنان کە ندانم ز بیخودی　　در عرصە خیال کە آمد کدام رفت
بر بوی آنکە جرعە جامت بە ما رسد　　در مصطبە دعای تو هر صبح و شام رفت
دل را کە مردە بود حیاتی بە جان رسد　　تا بوئی از نسیم میش در مشام رفت
زاهد غرور داشت سلامت نبرد راە　　رند از رە نیاز بە دارالسلام رفت
نقد دلی کە بود مرا صرف بادە شد　　قلب سیاە بود از ان در حرام رفت
در تاب توبە چند توان سوخت همچو عود　　می دە کە عمر در سر سودای خام رفت
دیگر مکن نصیحت (حافظ) کە رە نیافت
گم گشتەئی کە بادۀ نابش بە کام رفت　　(١٣، ص٤٠٢)

مەولەویش "ساقی" لە سەرەتا – ئاستانەی شیعرێکدا بەکاردەهێنێ و دەڵێ:

ساقی ئاوەردەو گرد کیاستێنین　　وریا بەردێن و کردە ئاستێنین
حال ماضی ئاسا ها نە گوزەردا　　مقیم مسافر ڕەنگ نە سەفەردا
کاروان سەرای کۆن دەور دنیای دوون　　جە بارگەی یاران وە چۆڵ مەوینوون
قافڵە کۆچ کەردەن، بەرزەن دەنگ زەنگ　　وڕان حوجرەی خان وجوود سەنگ بە سەنگ
هۆسای تای شاوڵ دانش وە مشتی　　بەناباشیی بورج دیواران گشتی
قەدەم ڕەنجەکەر وە لای کارەوە　　بنچینەم وە تەرح مەی هۆردارەوە
عەمارەتیۆن بیناش باقی بۆ　　ئاو مەی، خاك دوردی، بەناش ساقی بۆ
(١٨، ل٢٩١-٢٩٣)

* ئەمە بە ئینگلیزی digression و بە عەرەبی و فارسی لە جوانکاریدا (استطراد)ی پێ دەڵێن، مەبەست لێی دابڕانێکی کاتییە لە بابەتە سەرەکییەکەو چوونە سەر بابەتێکی لاوەکییە پێش ئەوەی بابەتی بنەڕەتی تەواو بکرێ. زیاتر تایبەتە بە تەکنیکی هونەری "گێڕانەوە" لە چیرۆكو هەندێ جۆری جیای تر لە نووسینی گێڕانەوەو وتاردانداـ..." بڕوانە: (2, p.67؛ ١٥، ص٢٧)

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژەیە هەردوو شاعیر لەسەرەتا – ئاستانەدا شیعرەکانیان بە "ساقی" دەستپێکردووە، ئەمەش شێوازە تەقلیدییەکەی غەزەل نییە، ئەوەو دوای شیعرەکە بازی دابێ بۆ مەبەستێکی تر، نەء! بەڵکو "ساقی" ئامادەیەو تا دوایی هەردوو شیعرەکە دەمێنێتەوە. دیارە بۆ تیشکۆی بیرو وێنە شیعرییەکان ڕووالەت و سێبەری جیای بەرجەستەکردنی شاعیر هاتوونەتە ناو، بەلام پرژوبلاو نین. بێهودەیی و کۆتاییهاتنی ژیان ڕوانگەی زالی هەردوو شیعرەکەن و "ساقی"ش لای هەردووکیان بەمانا سادەو ساکارەکەی بەکارنەهاتووە، بەلام هەر شاعیرەو بە باوەڕی خۆی بەشێوەیەك مامەلەی لەگەلدا کردووە. حافز وەك گەلێك لە شیعرەکانی توانج و پلاری لە "زاهیدی ناڕاست و ڕووالەتی" هەیەو ڕەخنەی لێ دەگرێ، بەلام دەنگی مەولەوی هەر لە کۆڕی سۆفییە لەخەت لانەداوەکەدایەو هەردووکیان لەو دوو نموونە شیعرییەدا کە هێنامانەوە وێنەی جوانیان داهێناوە، وەك ئەمانەی حافز:

مستم کن آنچنان که ندانم ز بیخودی    در عرصه خیال که آمد کدام رفت

........

دل را که مرده بود حیاتی به جان رسد    تا بوئی از نسیم میش در مشام رفت

یان ئەم دێڕانەی مەولەوی:

کاروان سەرای کۆن دەور دنیای دوون    جە بارگەی یاران وە چۆڵ مەوینوون
قافلە کۆچ کەردەن، بەرزەن دەنگ زەنگ    وڕان حوجرەی خان وجوود سەنگ بە سەنگ

..........

ئاو مەی، خاك دوردی، بەناش ساقی بۆ    عەمارەتیۆن بیناش باقی بۆ

ئەم وێنە شیعرییانەی هەردوو شاعیر دەربڕی ئەو دنیابینییەن کە "ژیان" کاروانسەراو "عرصه خیال"ێکە کە تەنانەت نازانین کەی دێین و کەی دەڕۆین!

حافز و مەولەوی بەو نموونانەی شیعریان کە پیشانمدان، بەشێوەیەکی بەرچاو وشەی "ساقی"یان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، مەرجیش نییە هەر لەسەرەتای شیعرەکانیاندا وەك "ئاستانە" بەڵکو گەلێك جار لە ناوەڕاست و کۆتاییشیاندا هەیە. ئەمەش نەی لەوە ناکات کە دەچێتە خانەی دووەمی میتۆدەکەی ج.جینێت و لەنێو ئەویشدا "peritexte"وە کە دەوری لە دانانی بناغەو چوارچێوەی شیعرەکانیاندا بینیوەو هەست بە ڕایەلی نزیك و هاوبەش لەنێوانیاندا دەکەین. کەش وهەوای دنیابینی "Thematic" و ڕوانینی ئیستێتیکی "Rhematic" لای هەر شاعیرەو بە شێوازی خۆی لە شیعرەکانیاندا دەردەکەون. لەبەر دوورنەکەوتنەوە لە ئامانجی توێژینەوەکە زۆر ناچینە وردەکاریی هونەری – ئیستێتیکیی شیعرەکانەوەو سەرجەمیان نادەینە بەر ڕۆشنایی.

بێجگە لە "ساقی" لە شیعری هەردوو شاعیردا پەنا بۆ مرۆڤ و سرووشت براوەو بۆ بزێوی و چالاکی هێنانەکایە، گفتوگۆیان لەگەلدا دامەزراندوون و بونیادی شیعرەکانیان پێ تۆکمە کردووەو خەملاندووە. ئەندێشەو سۆزو هەستی خۆیان – وەك پێشتر وتمان – بەهۆی: "یار، ئازیز، هاوڕێ، شێخی کامڵ، دۆست.." یان دیاردە سرووشتییەکانی وەك "با، نەسیم، شەماڵ...هتد"وە دەربڕیوەو توانیویانە پێداویستییەکانی دەقیان لێ پێکبهێنن، بۆ هەر شاعیرەو نموونەیەك دەهێنینەوە، حافز دەڵێ:

مردم دیدهٔ ما جز برخت ناظر نیست    دل سرگشتهٔ ما غیر ترا ذاکر نیست

(١٤، ص٤٤٦)

یان لە دەربڕینی ئازار بەدەست یار چەشتنەوە، حافز دەڵێ:

جانا کدام سنگدل بی کفانیست کو پیش زخم تیر تو خود را سپرنکر

(١٤، ص٨٣٧-٨٣٨)

مەولەویش دەڵێ:

دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ تۆی دیدەیچم بی مەردم نمازۆ ( ١٨، ل٥٨ )

یان : ئازیز! وەس بووزەم نە گێجاو خەم وەس چون بینایی پەنهان بەر نە چەم

وەختێ جە وەسڵیچ هەر دڵم ڕێش بۆ مشیۆ وەسڵ و فەسڵ فەرقشان چێش بۆ؟

(١٩، ل١١٣)

یان لە مۆتیڤی پەنا بۆ "نەسیم" بردندا وەك کۆدێکی بونیادنانی "پێداویستییەکانی دەق"، حافز دەڵێ: ز

کوی یار بیا أی نسیم صبح غباری که بوی خون دل ریش أز آن تراب شنیدم

چو غنچه بر سرم از کوی أو گشت نسیمی که پرده بر دل خونین به بوی او بدریدم

به خاك پای تو سوگند و نور دیدهٔ (حافظ) که بی رخ تو فروغ از چراغ دیده ندیدم

(١٣، ص٤٩١)

مەولەویش دەڵێ: نەسیم مەحرەم مابەین یاران ماچان وەهارەن سەوزەن دیاران

گیان وە بێ تاقەت موینوون ئار ظاهرا هەوای لای ئازیز دارۆ

ئامێتەی خەیاڵ ئەو دڵ پەسندەن ئێڵاخیچ هەڵای کەمێ یەخ بەندەن

زەحمەت وە خەیاڵ ئەو ئازیز مەدەر وەر نەیۆ گیان، هیچ، بە وێت تەشریف بەر

چون یاوای پەرساش بە ناڵە عەرزکەر: دیم تەن سفتەکەی خەستەی زام خەتەر

دڵ دەروون هەریەك وە دەس خامەیێ ئینشاکەردەبێ توغرا نامەیێ

(١٨، ل٤٠٦-٤٠٧)

لەم "٣" نموونەیەدا کە بۆ هەردوو شاعیر هێنراونەتەوە، ئەم کۆدانە بەکارهاتوون: "مردم دیده"؛ "چەشتنی ئازاری دووری"؛ "پەنابردنە بەر نەسیم"... لای حافیز گلێنەی دیدەی تەنیا ڕووی لە یارە، ئەمەش هێمایە بۆ پیرۆزکردنی "یار" و نیگاکردن و لەیادداببوونی هەمیشەیی "ئەو".. مەولەویش بە ئاواتە خەڵوەتێك لەگەڵ یاردا بسازێنێ، بەڵام بێهودەیەو تەنانەت ئەگەر لە چاویشیدا بێ "مەردم نمازۆ" – گلێنەی نایەڵێ، ئەمە ئاستێکی ناسکی هونەریی بەرزە..

لە نموونەی دووەمدا، حافز پێی وایە کام سەنگدڵە کە لەبەردەمی "یار"دا خۆی نەکا بە سوپەرو بیپارێزێ.. لەمەشیاندا مەولەوی بە شێوازێکی زۆر قووڵ و ورد هەروەك ئەوەی بە "ئاگا" یان "بێئاگا" کێبڕکێ لەگەڵ "پێشینە"یدا بکا،.. داوا لە یار دەکا کە نەیخاتە "گێژاوی خەم"ەوەو وەك "بینایی لەچاودا شاراوە نەبێ".. دەگاتە ئەو ئەنجامەش کە لە "وەسڵ"یشدا هەر دڵ بریندار بێ، ئیتر جیاوازیی "وەسڵ و فەسڵ" دەبێ چی بێ؟

لە نموونەی سێیەمیشدا هەر لەسەر دوو تەوەرە: یار – دڵدار کە تایبەتمەندییەکی گشتیی شیعری لیریکیی ڕۆژهەڵاتە – دامەزراوە.. تەوەرەی سێیەمیش "سرووشت و دیاردەکانی" هەمیشە چ وەك لایەن یان وەك هۆو ئامێری دەربڕینی هونەری ئامادەن، لەڕاستیدا لەم نموونەیەی حافزو مەولەویدا هەردوولایەنەکەیە،.. چونکە لای هەردوو شاعیر – نەسیم وەك "قاسید – نامەبەر" سەیردەکەن‌و دەورە

هونەرییەكەشیان بینیوە.. كەواتە ئەمە جوانییەكی تریشی تێدایە، ئەویش مرۆڤاندنی لایەنی سێیەم "نەسیم"ە، كە ئەركی مرۆڤی خراوەتە سەر شانو دیالۆگی لەگەڵدا كراوەو بووەتە بەشێك لە پێكهاتەی ئەزموونەكە، حافز داوادەكات: "لە كۆی یارەو تۆزێ كە بۆنی خوێنی دڵی بریندارى لێ دێ بهێنێ".. لە دێڕی (٨)دا بە وێنەیەكی ناوازەو نامۆ "سەری خۆی دەكا بە خونچە" و "بە بۆی یار، خونچەی دڵی – سەری دەكرێتەوەو دەگەشێتەوەو كامڵدەبێ"، لە كۆتاییدا بە خاكی بەر پێی "یار" سوێند دەخوا كە بێ "رووی" ئەو هیچ ڕۆشناییەكی لە چرای چاوی خۆی نەبینیوە... ئەمە سووژێتێكی ئەلیگۆری (خوازەیی)یەو، كردنەوەی لادیمەنو بەرجەستەكردنی هەموو لایەنەكانی تابلۆكەیە بە ئاوازەو ڕەنگو سێبەرو پاشخان، كە زەینو بەرچاوی خوێنەر دەكاتەوە..

هەروەها مەولەویش "نەسیم" نەك هەر بە نامەبەر بەڵكو بە "نامەبەرێكی مەحرەمی نێوان یاران دەزانێ" و لە ڕۆژێكی بەهاریدا دەیمرۆڤێنێو ئەركی پێ دەسپێرێ. پێی وایە ئارەزووی دیداری یاری هەیەو ئەمەش تێكەڵی خەیاڵی بووەو كوێستانیش هێشتا ساردە بۆیە ئەگەر گیانی لەگەڵ نەسیمدا نەچوو وازی لێ بهێنێو خۆی ئەو ئەركە بەجێبهێنێ و پێی بڵێ كە "دۆست" حاڵی بەدحاڵەو "توغرای نامەی" بۆ ناردووە..

لێكدانەوە و تاوتوێی ئەم چەند نموونەیە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن كە تیۆریستانی "ئینتەرتێكستوالیتی" تەرحیانكردووە، كە ئەویش بێهودەیی گەڕانە بەدوای "بنەوان، سەرچاوە"و "كاریگەری"دا.. چونكە ئەستەمە كە بەو پێوانەیە پرۆسەو ئەزموونی هونەری هەڵبسەنگێنینو بنرخێنین.. ئەم نموونانە هەمان "مۆتیڤ"و هەمان "نەریتی ئیستێتیكی" تیایاندا خراونەتە كارو چەندین "ڕایەڵ" لەنێوانیاندا هەن، بەڵام هەر شاعیرەو جیهانێكی بۆخۆی بونیادناوەو لەیەكدیش دابڕاو نین،.. كەواتە دیالۆگو هاوكاری لە مۆزاییكی دەق – یان لە بەیندا هەیە. هەروەها ئەو كەرەسەو ئامێرانەی بەكارهاتوون بەگوێرەی میتۆدەكەی ج.جینێت كە ئێمە بەكارمانهێناوە، دەچنە جوغزی "paratextuality" – پێداویستییەكانی دەقەوە.

٣- Metatextuality – شرۆڤەی دەق (الوصفية النصية)

جۆری سێیەمی دەقئاوێزانی ج.جینێت metatextuality "شرۆڤەی دەق"ە، سەرچاوە ئەدەبناسییەكان ئاماژەیان بەوە داوە، كە ج.جینێت خۆشی بەتەواوی ئەم جۆرەی میتۆدەكەی ڕووننەكردۆتەوەو بە فراوانی لەسەری نەڕۆیشتووە. گراهام ئالین لە كتێبی Intertextuality دا كە بەشێكی بۆ ج.جینێت تەرخانكراوە، هەوڵیداوە هەر بە وەرگرتنی بۆچوونێكی جینێت خۆیو ئاماژەپێدانی كتێبی palimpsests "الأطراس"ەكەی ئەم چەمكە ڕوونبكاتەوە: "میتاتێكستوالیتی ئەوەیە كاتێك تێكستێك لەڕێگەی حاشیەو سەرنجەوە پەیوەندی لەگەڵ دەقێكی دیدا پەیدا دەكات. ئەمە تێكستێكی ئاماژەپێدراو لەگەڵ یەكێكی تردا یەكدەخات، كە دەربارەی دەدوێ بەبێ ئەوەی هیچ پێویست بكات لێوەی وەرگرێت (بەبێ ئەوەی بانگی لێ بكات)، هەندێ جار تەنانەت بێ ئەوەش ناوی بهێنێ". (٩، ل٤)

هەروەها گراهام ئالین دەڵێ: "پراكتیكی ڕەخنەی ئەدەبیو پۆیەتیك بە ئاشكرا تێكەڵی ئەم چەمكە، كە هێشتا لەلایەن ج.جینێتەوە گەشەی پێ نەدراوە – بوون". (١، ل١٠٢)

ئەوەندەی پەیوەندیی بە بەرهەمی حافزو مەولەوییەوە هەبێ، ئێمە لە جوغزی "شرۆڤەی دەق" لە چوارچێوەی شیعرەكاندا دەمێنینەوەو هەر بە هێنانەوەی نموونەش لێیان چەردەیەك مۆتیڤ و سیمای

هونەری – ئیستێتیکیی هاوبەش لەنێوانیاندا دەبینین، کە بێگومان شاعیری "دوایینە" – مەولەوی هەوڵیداوە، ڕایەڵ و دیالۆگ و کێبڕکێ لەگەڵ شاعیری "پێشینە" – حافزی شیرازیدا دابمەزرێنێ. دوو کۆدی شیعری حافز: "زوڵف" و "عنبر"، مەولەوی بە شیعر تیشکۆو شرۆڤەی کردوون. لەم ڕەوتەدا عەنبەر بۆ بۆنخۆشیی زوڵفەو نیگاریشی بە شێوازو مەودای جیاواز کێشراوە. بۆ ئەم مەبەستە سێ جووت نموونەی شیعری هەردوو شاعیر هەڵدەبژێرین:

حافز دەڵێ:

مگر تو شانەزدی زلف عنبر افشان را		كە باد غاليەسا گشت و خاك عنبر بو است

(١٤، ل٣٨١-٣٨٢)

یان:

در خم زولف تو آن خالە سيە دانی چيست

نقطۀ دودە كە در حلقۀ جيم أفتادە است

(١٤، ل٧٤)

یان ئەم بەیتە:

هرگز حديث زولف تو كوتە نميشد		اين گفتووگوی تا بقيامت مسلسلت

(١٤، ل٥٥٣)

مەولەویی تاوگۆزیش دەڵێ:

سیلسیلەی پێچ پێچ زوڵف نازاران		زەنگڵە بەستەوە جە دانەی واران (١٩، ل٢٩٣)

یان:

لانەی حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەوڕەنگ		هەم دەم جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ

..............

موات: فیدات بم یە جای شیرینەن		گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن

جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد		سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد

(١٩، ل٣٧٦)

یان:

بۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت		دەس ڕێسەکەی فکر بیکر شیرینت

چون ئارەزووی وەسڵ نە تۆی مەحروومی		تەندبیت نە تان فەردی مەعدوومی

(١٩، ل٢٠٤-٢٠٥)

نموونەی یەکەمی شیعرەکەی حافز لەسەر بنەمای "زلف عنبر بو"، "باد غاليەسا" و "خاك عنبربو" دامەزراوە.. لێرەدا بۆنی "عەنبەر وەك ئەو مادە بۆنخۆشە" زاڵەو "زولف" و "باد" دەوری گەیاندنی پەیامەکەیان گەیاندووە، کە لە ڕاستیدا پەیامێکی ئاسایی گەیاندنی "بۆن" نییە بەتەنیا، چونکە لە کۆتایی بەیتەکەدا دەڵێ خاکیشی "عەنبەر بۆ" کردووە،.. کەواتە ئەمانە گەیەنەری بەهاو بیرێکی بەرزی مەعنەوین نەك هەر دامرکابێتن بە ڕواڵەت و مەودا ریالییەکەیەوە..

لە نموونەی دووەمدا، کە باس لە "خم زولف" و "خال سيە"ە، دواتر لە نیوە بەیتی دووەمدا هاوکێش و بەرانبەرێك بۆ ئەم دووانەیە کە لەڕووی وێنەوە دژ نین و بەڵکو "تەریبین" و "هاوسایەن" – "نقطۀ دودە" و"حلقۀ جيم" – دادەنێ.

لە نموونەی سێیەمدا حافز "حديث زولف" بە باسێکی کۆتایینەهاتوو وێنادەکاتو ئەم گفتوگۆیە تا "بقيامت مسلسلت" دەگەیەنێ.. دیسانەوە "مەحسووس" و "مەعنەوی"، "ریالی" و "ئیدیالی" بۆ نەخشاندنی ئەندێشەو ئەزموونی شاعیر خراونەتە کار.. ئەم وێنەو بیرۆکانە وەك بەرهەمێکی "پێشینە" لای مەولەوی تاوگۆزی لەو نموونانەدا کە هێنامانەوە ئاوازەیان هەیە.

نموونەی یەکەمی مەولەوی کۆدەکانی حافزی تێدایە بەڵام بە خامەی خۆی بەشێوەیەکی داهێنەرانە بەکاریهێناون،.. "زوڵف" هەیە، لەباتی "مسلسلت"ی کۆتایی بەیت لای حافز، مەولەوی لەسەرەتادا بە "سیلسیلە" دەستپێکردووەو لە فۆکوسێکی نیگارکێشانەدا "پێچ پێچ"ی بۆ زیادکردووە کە بەرجەستەی دەکات.

پێش ئەوەی لە نموونەکانی تری مەولەوی بدوێین پێویستە ئەوە بوترێ، کە وشەی "عەنبەر" ئەگەر لای حافز تەنیا وشەیەکی شیعری بێ، ئەوا لای مەولەوی ناوی خێزانو هاوسەریەتی، کە نەك ژیانی بەڵکو مەرگیشی ڕەنگدانەوەیەکی دیاری لە شیعرەکانیدا هەیە.. بۆیە ئەمە قورساییەکی زیاتری ئەم وشەیە لای مەولەوی دەردەخات.. بەڵام ڕایەڵ لەنێوان هەردوو شاعیردا هەیەو تەنانەت جۆری دەربڕینو مەودای قووڵ دان بەم وشەیە لای حافزیش هەبوو، ئەوەتا مەولەویش پێی وایە هەروەك "باد غاليەسا"کەی حافز "عەنبەر" بە خاکدا بڵاودەکاتەوە، دەڵێ:

جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد     سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد

ڕاستە وێنەکانی مەولەوی بەجۆرێکی تر داڕێژراون، بەڵام ئەنالۆگیای "بۆنی عەنبەر" بەخاکدا بڵاوبوونەوە، گفتوگۆی ئەممان لەگەڵ حافزدا هەر ڕێك بەگوێرەی میتاتێکستوالیێتی میتۆدەکەی ج.جینێت، بەبێ ناوهێنانو تەنانەت ئاماژەپێکردنیش – بۆ دەردەخا و هەستپێدەکرێت.

لە یەکێك لەو لاواندنەوانەدا کە مەولەوی بۆ "عەنبەر خاتوون"ی خێزانی وتوون لە دوو دێڕدا "زوڵف عەنبەر" دووبارەبۆتەوە لە نیوەدێڕی یەکەمدا وەك وەسفێکی بێلایەن هاتووە "حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ".. و بێگومان "ئەڵحەدسەرای سەنگ"یش کە ئەو جوانییە چووەتە ژێرگڵ ئاماژەی کۆچی دوایی خێزانەکەیەتی..، بەڵام لە نیوەی دووەمی دێڕی دووەمدا بووە بە "شۆخ زوڵف عەنبەرینەن" – کە وێنەیەکی ئاماژەیە بۆ (عەنبەر خاتوون)ی خێزانیو دەبێتە درکە، کەواتە فۆکوسی "عەنبەر" کراوەو بە چەشنی جیاواز بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست بەکارهاتووە،.. با ئاماژەی ڕاستەوخۆش نەبێ، بەڵام هەر بیری "شرۆڤەکردن" و "کێبڕکێیەکی شاراوە" لەگەڵ شاعیری "پێشینە"دا هەیە..

لە نموونەیەکی تردا مەولەوی وشەی "عەنبەر"ی گواستۆتەوە بۆ دنیای شیعرو داهێنانو مەودایەکی تری داوەتێو کردوویەتی بە بنەمایەك بۆ نەخشاندنی سیمای ئیستێتیکی.. لێرەدا لەباتی "زوڵف"، "فەرد"ی شیعر هاتووە، "بۆن"یشی وەك بۆنی عەنبەری زوڵفی نازدارانە. لەم سووژێتە ئەلیگۆرییەدا و بۆ تەواوکردنی، وێنەیەکی جوانتری لە دەوروبەری کوردەواری هێناوە "دەس ڕێس"، لێرەدا وێنەکە لەڕێگەی بیرهێنانەوەوە لە زەینی خوێنەردا وشەی "تەشی ڕێسان" بە خەیاڵدا دێنێ،.. بەڵام لەباتی ئەو شتە ڕۆژانەیە، شاعیر "فیکری بیکری شیرین" دەڕێسێ،.. ڕایەڵ لەنێوان وێنەکاندا: "تاوی زوڵف" و "تاوی دەس ڕێسی فیکر" نەپچڕا.. لێرەشدا مرۆڤ لە هێنانی وشەی "دەس ڕێس"، داهێنانی تایبەتیی تاکی بەبیردا دێت.. ئەڵقەیەکی تری زنجیرەی ئەم وێنانە کە دەگاتە ئاستێکی بەرزی جوانیناسی مەولەوی "فەردەکەی خۆی" بە "مەحروومی" ناودەبات کە بە "وەسڵی" فەردی شاعیرەکەی تر (مەحرووم) شادبووە، سەرەڕای جوانی، ئەم هەموو تەوازوعە مەگەر هەر لە مەولەوی و شاعیرانی وەك ئەم بێت.

هەروەها گواستنەوەی چەمکی ریالیی وەك "مەحرووممی – هیجر" و "وەسڵ" گواستراونەتەوە بۆ ناو جوغزی داهێنانی شیعری و ناسکبێژی، ئەمەش تیشکۆو بەرجەستەکردنی وێنەکەیە.

ئەم ڕایەڵ و پەیوەندیو کێبڕکێو گفتوگۆی شاعیرانەو هەوڵی هاریکارکردن لە مۆزاییکی دەقدا، لە نموونە شیعرییەکانی حافزو مەولەویدا فرەلایەنیی واتاو گۆشەنیگای وردو بیری قووڵی دەقئاوێزان بەگشتیو میتۆدەکەی ج.جینێت بەتایبەتی دەردەخەن.

یەکێك لەو کۆدە گرنگانەی کە ڕایەڵی نێوان ئەم دوو شاعیرەو پەیوەندیی تێکستە شیعرییەکانیان پێکدێنێ بەشێوەیەکی فراوان "باد – با"یە کە لە شوێنێکی تردا و پێشتر لەم باسەدا نموونەمان بۆ هێنایەوە، لەڕاستیدا مەولەویش هەر بەبێ ناوهێنانو ئاماژە یان ڕاستەوخۆ دیالۆگ دامەزراندن، وشەی "با" و هاوواتاکانی کە هەم لە زمانی فارسیو هەم زمانی کوردیدا جۆراوجۆرن بەکارهێناوەو لەڕێگەی "با" و جۆری بەکارهێنانو مەزراندنییەوە بۆ دەقی شیعری پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان بەرهەمی ئەم دوو شاعیرەدا دروستبووە، بەڵگەی ئەم ڕایەشمان ئەم نموونانەن کە دەیانهێنینەوەو شییان دەکەینەوە، حافز دەڵێ:

گر باد فتنه هردو جهان را بهم زند ماو چراغ چشم و ره انتظار دوست

(١٤، ل٣٩٤)

یان:

سریز آب سرشکم که بی تو دور از تو چو باد میشودو در خاك راه میغلطد

(١٤، ل١٣٥٢)

یان ئەم بەیتەیان:

کحل الجواهری بمن آر ای نسیم صبح ز آن خاك نیکبخت که شد رهگذار دوست

(١٤، ل٣٩٤)

مەولەویش دەڵێ:

چون وەڵگ شادی ی من وای دووری ی لەیل وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەو ڕشتەی سوەیل

(١٨، ل١٦٠)

یان لەم دێڕە شیعرانەدا:

کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد سیاماڵ عەیش تەختە تەختە کەرد

(١٩، ل٦٣٠)

نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان بدارەش نە تۆی دڵ دەروون ڕێشان

(١٩، ل٧٤٤)

چ شیرین زەڕگەر تۆف هەوای سەرد گۆشوارە نەگۆش نەونەمامان کەرد

(١٩، ل٦٣٠)

"با" لەم نموونە شیعرییانەی هەردوو شاعیردا ئەرکی شیعریی خراوەتە ئەستۆو وەك ئامێرێکی فیکری – هونەری بەکارهاتووە. لە وێنەی شیعریی پلاستیکی و بەرجەستەدا نەریتی ئیستێتیکیی هێناوەتە کایە. بەشێوەی داهێنەرانە فۆکوسی "با"یان کردووەو "تابلۆی ئەلیگۆری"یان لێ پێکهێناوە، لە نموونەی یەکەمدا حافز "باد"ی کردووە بە "بادی فتنە".. و هەردوو جیهان "ئەم و ئەو دنیاش" دەدا بەیەکداو وەیشوومەی کۆتایی هەڵدەگیرسێنێ، بەڵام لەم حاڵەتەشدا کە هێمای تاریکبوونی دنیا بە خوێنەر دەدا... بە چاوی

ئاساییش نە، لەڕێگەی دوو وێنەی ترەوە "چراغ چشم" و "رە انتظار"ەوە سەرجەمی بارە دەروونییەکەی شاعیر لە چاوەڕوانیی یاردا بەرجەستە دەکا.

نموونەی دووەمیش هەمان باری دەروونییەو لە دووری و دابڕان لە (یار– دۆست)دا دەژیو وێنەیەکی نامۆی وەك "سەرڕێژی فرمێسك"ی بووە بە "باد" ئامێتەی خاك دەبێ. ئەگەر وردبیینەوە دەبینین حافز سێ ڕەگەزی بنەڕەتی سرووشتی وەك: "ئاو و هەوا و خاك"ی لەیەك بەیتدا کۆکردۆتەوە، ئیتر وەستایەتیو کارامەیی حافزە! لە ئەنجامیشدا دەربڕی ئەو شپرزەییو بارە دەروونییەی دڵدارە لە دووریو دابڕانی لە یارەکەی.. ئەم دوو بەیتە کە بە نموونە هێناومانتەوە لەیەك غەزەل وەرمانگرتوون،.. دەبینین شاعیر پەرە بە ڕوونکردنەوەو بەرجەستەکردنی باری دەروونی شاعیر – پاڵەوانی لیریکی دەدا..

لە نموونەی سێیەمدا هاوواتایەکی "باد" کە "نسیم صبح"ە بەکارهاتووەو ئەرکێکی کلاسیکیی "قاسید"ی پێ سپێردراوە کە "کحل الجواهر"ی لە "خاك نیکبخت"ی ڕاگوزاری دۆستەوە بێنێ.. لەم سێ نموونە یەك بەیتییانەوە هەندێ سیمای هونەری – ئیستێتیکیی حافزمان بۆ دەردەکەوێ،.. کە لەگەڵ ئەوەشدا جاری وا هەیە هەندێ کەرەسەو کۆدی کلاسیکی – تەقلیدی بەکارهێناوە، بەڵام هەڵیشێلاونەتەوەو نوێکاری و نەخشەسازییەکی شیعریی داهێنەرانەی تێدا کردوون.

مەولەویش بەهەمان شێوە، مامەڵەی لەگەڵ "با" و هاوواتاکانیدا کردووە، بەڵام داهێنەرانە وێنەی لێ نەخشاندووە و جێ خامەی بە ڕوونی دیارە. ئەگەر لە یەکەم نموونە وردبیینەوە دەبینین

کە بەشی زۆری ڕەگەزەکانی دێڕەکە لە سرووشتەوە وەرگیراون: "وەڵگ، وا، وەیشووم، هەرد، سوەیل" و مرۆڤێندراون و بە هەندێ کەرەسەی مرۆڤانەی وەك "دووری لەیل، نەوڕشتە..." بە خامەیەکی کارامە وێنەیەکیان لێ داڕێژراوە کە دیسان "تابلۆیەکی ئەلیگۆری"یەو سەرجەم ڕەگەزەکانی بە هەردوولاوە: "ئەوەی سرووشتی ڕووتەو ئەوەی مرۆڤانەیە" بوونەتە دەربڕی هاوئاهەنگو گونجاوی باری دەروونیی شاعیر، هەمان مۆتیڤی حافزیشە "چاوەڕوانیو دووریو دابڕانە لە یار – دۆست"، بەڵام لێرەدا هاتنەئارای گفتوگۆ و ڕایەڵی شیکارییو بەکارهێنانی شاعیری "پێشینە"یەو گفتوگۆو کێبڕکێیە لەگەڵیدا، نەك "بنەوانو کاریگەری" بە چەمکە بەراوردکارییەکەو بەبێ ئەوەی لە جوغزی ئاماژەو تێهەڵکێشدا بێو ناوی شاعیری "پێشینە"ش نەهاتووە.

هەر لە دێڕێکی تردا بە سوودوەرگرتن لە سەرمای ساردی زستانی کوردستانو دەوارنشینیی کۆچەرانی کورد "تابلۆیەکی ئەلیگۆری" داهێناوەو لە "مەحسووس" و "مەعنەوی" وێنەی ناوازەی وەك "کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد" و "سیماڵ عەیش"ی تەختە تەختە بوو، لێکترازاوی خۆیی دەربڕیوە.. ئەگەر لە نموونەی پێشووی مەولەویدا وەك نموونەکانی حافز ئەندێشەی شاعیر تەنیا لە دەوری حاڵەتێکی دیاریکراوی وەك "دووریو دابڕان لە دۆست" بسووڕێتەوە، ئەوا لەم دێڕەدا سەرجەم ژیانی شاعیرو نەهامەتیو نیگەرانییەکانی گرتۆتەوە.. کەواتە "شرۆڤەی دەق"ەکە بە خستنەسەرو درێژە بە دیالۆگی شیعری دان – دەژمێردرێت.

مەولەویش وەك حافز "نەسیم"ی بەکارهێناوەو ئەگەر حافز داوای "کوحلی جەواهیری ڕاگوزەری یار"ی لێ کردبێ، بەڵام ئەم دیالۆگێکی هاوخەمیی لەگەڵدا کردووە،.. کە سەرێکیان "نەسیم"ەو لە بەفرە ڕۆژێکی زستانی سەختی هەوراماندا "پێی!" تەزیوەو بۆتە هاودەمی "دڵبریندارانە".. لێرەدا هاوکێشەکە ئاوەژووبۆتەوە، دیارە شاعیر لە پاداشتی ئەو هەموو ئەركو زەحمەتەدا کە بە "نەسیم"ی سپاردووە، ئێستا

دەیەوێ "پێی گۆنەکردوو و تەزیوی" بخاتە ناو دڵی دەروون بریندارانەوە، کە بەڕاست ئەمە گەیشتنە بە ئاستێکی بەرزی ئیستێتیکی، ئەویش تێکدانەوەی یاساو ڕێسا هونەرییەکانەو بە خامەو ویستی شاعیرێکی داهێنەر – جیهانەکە دەنەخشێنرێتەوە.

لەم وێنەیەدا "دوالیزمی دژ" و تەریبییەت و هاوسیایەتی" هەن.. دژایەتییەکە لەنێوان "سارد"ی "پێی نەسیم" و "گەرمیی دڵ و دەروونی بریندار"دا هەیە، کە براوەتە ئاستی بەهای هونەریی و هاوسیایەتییەکەش، لە هاوئاهەنگیی "سرووشت – نەسیم و دڵی شاعیر"دایە، کە هەریەکەیان بە دەردێکەوە گیریانخواردووە..

مەولەوی لەو تابلۆ زستانییە نیگارکێشانەیدا کە نموونەیەکی دەگمەنی شیعری کوردی بەتایبەتی و ڕەنگە شیعری ڕۆژهەڵاتیش بێ.. سرووشتی کوردستانی لە وەرزی بەفرانبار – زستاندا بە خامەیەکی دەگمەن و داهێنەر نەخشاندووەو کەش‌وهەوایەکی بۆ باری دەروونیی خۆی لە چەند هەنگاو ڕێگایەکی دووریی دنیایی لە "شێخ"ەوەی سازاندووە.. ڕاستە سەرمای سەختی زستانە، بەڵام وەرزێکی شیرینی سرووشتی وڵاتی کوردان و شاعیریش لە شێخی گیانییەوە نزیکە.. کەچی لەباتی بە دیدار شادبوونی لە بستەڕێیەکدا "چاوەڕوانە"...

دوانموونەی مەولەوی ئەم دێڕەیە:

چ شیرین زەڕگەر تۆف هەوای سارد        گۆشوارە نە گۆش نەونەمامان کەرد!

لەم دێڕە شیعرەو لە دیمەنێکی زستانەی تردا "تۆف هەوای سەرد" بۆتە "زەڕگەر – زەرنگەر" گوارەی کردۆتە گوێی نەونەمامەکان.. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، گوارەکە بە گەڵای زەردبووی نەمامەکان لێکدەداتەوە، دیارە "زەرەنگەر – لە زێڕ" لە هەموو شتێکی ترەوە، نزیکترە، ئەی بۆ مەبەست لە "چلوورەی سەهۆڵینی شۆڕبووەوەی قەدیان نەبێ؟!" خۆ هەر زەرنگەریشە کە لە "زیو"یش خشڵ دروستدەکات[*].

ئەم نموونانە – بە ڕای ئێمە – تا ئاستێکی باش دەچنە چوارچێوەی جۆری سێیەمی "شرۆڤەی دەق"ی ج.جینێتەوە.. لێرەدا شرۆڤەی شیعری "پێشینە" بە شیعر کراوەو لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو کێبڕکێ و خستنە سەرو هاوکاریی مۆزاییکی دەقە.

٤- Archetextuality (کۆکردنەوەی دەق) {الجامعیة النصیة}

ئەم جۆرەی دەقئاوێزان لای ج.جینێت کە لە چوارچێوەی (بەزاندن و تێپەڕاندنی دەق) – "transtextuality"دایە.. لە هەموو جۆرەکانی تر ئەبستراکترەو کاتیگۆریا گشتییەکانی وەك: ڕۆمان، شیعر، وتار، نۆڤیلی واقیعی، تراجیدی...هتد دەگرێتەوە. ج.جینێت لەم ڕووەوە دەڵێ: "هەموو ئەو شێوانەی دەق کە پەیوەندیی ئاشکرا یان شاراوەیان لەگەڵ دەقەکانی تردا هەن". (٩، ل٢٠١)

چەمکی ئارشیتێکست لە ڕووی بابەت، ژانر، مۆدە...هتدەوە بەکاردەهێنرێ. ئەمەش سرووشتێکی زیاتر چەسپاوو نەگۆڕ یان بە هێواشی گۆڕاوی هەیەو دەبێتە بناغەی بونیادنراوی سەرجەم سیستێمە ئەدەبییەکە، بەڵام ج.جینێت خۆی نەیتوانیوە کێشەی گۆڕانی ئەم جۆرە ئەدەبییانەو پابەندی و ڕایەڵی نێوان تێکستییان بەشێوەیەکی کۆتایی دیاریبکات.

---

[*] بڕوانە: (١٨، ل٥٣٧-٥٣٩)

دیاره ئەم توێژینەوەیە دەربارەی بەرهەمی دوو شاعیری لیریکی دیاری ڕۆژهەڵات: حافزی شیرازی و مەولەویی تاوگۆزییەو لە چوارچێوەی ژانری لیریکیدایە. ئەم ژانرە یەکێکە لە سێ شێوە بنەڕەتییەکەی شیعر: ئێپیک، دراما، لیریک و هەر لە سەدەی چوارەمی (پ.ز) و ئەرستۆوە وەك سێ ژانری هەرە گرنگ و سەرەکی دیاریکراون.. کەواتە، لیریک کە ئەو مێژووە کۆنەی هەبێ لە ئەدەبی جیهانیدا، چۆن دەتوانین لەبەر ڕۆشنایی چەمکی ئارشیتیکستوالیتیی ڕوانگەی ج.جینێتدا بەرهەمی ئەم دوو شاعیرە بخوێنینەوەو هەڵیانسەنگێنین و بیانترخێنین! ڕەگی لیریکیش بەو بونیادەوە کە هەیەتی تا ئاستێکی دیار چەسپاویی زیاتر پێوە دیارە، تا گۆڕان و لەدەستدانی بنەما بنەڕەتییەکانی، ڕاستە لە چوارچێوەیدا ژانری بچووکتری وەك: "ode قەسیدە، idyll گۆرانی، شوانانە، لاوێ، elegi سکاڵاو لاواندنەوە...هتد" پەیدابوون. بەڵام ڕووالەت و گیانە درەوشاوەکەی خۆی نەگۆڕیوەو تایبەتمەندییە بەرچاوو جیاکەرەوەکانی خۆی لە ژانرەکانی تر لەدەست نەداوە..

ڕاستییەکی تریش هەیە کە پێویستی ئاماژەپێکردنە، لیریکیش – وەك هەر تێکستێکیئەدەبی– پابەندی تایبەتمەندیی ئەو دەوروبەرە بووە، کە تێیدا هاتۆتە ئارا.. بە واتایەکی تر ئەدەبی جیهانی لەگەڵ هەموو ئەو هێڵە گشتییانەشدا کە سەرجەم ئەڵقەکانی دەگرێتەوە، هەمیشە تایبەتمەندیی دەوروبەر – نەتەوەییشی هەر هەبووە، بۆ نموونە ئەدەبی ڕۆژئاوا یان ئەورووپایی هەروەها ئەدەبی ڕۆژهەڵات تایبەتمەندیی خۆیان هەبووەو هەیە، تەنانەت لە جوغزی هەریەك لەو دوو ئەدەبەشدا دیسانەوە لە ئەڵقە لەچاو جیهانییە بچووکترەکاندا، سیماو ڕەنگی جۆراوجۆر هەبوون و هەر ئەمەش کەلەپووری کولتووری سەرجەم مرۆڤایەتیی دەوڵەمەندو نەمر کردووە. لەم گۆشەنیگایەشەوە لەنێوان دوو زمان و ئەدەبی سەر بە هەمان بنەوان و سەرچاوەی وەك فارسی و کوردیداو لەگەڵ ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵ و بزێوو زیندووەی هەردوو ئەدەبەکەدا، سیمای جیاوازو خەسڵەتی جیاکەرەوە هەبوون و هەن، نموونەیەکی لەباری ئەم ڕایەش بەرهەمی ئەم دوو شاعیرەیە کە لەڕووی دنیابینی و ئیستێتیکییەوە بە لێك نزیك ناسراون و بەڵگەی ئەمەش لە شیعرەکانیاندا هەیە، بەڵام جۆری لیریکی جیاوازن.

حافزی شیرازی بە ترادیسیۆنی شیعری کلاسیکیی عەرەبی – فارسی و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی و کێش و سەرواو...هتد شیعری نووسیوەو هەموو ڕەگەزو سیماو ناوەڕۆك و نەریتە هونەرییەکانی ئەو جۆرە شیعرەی بەکارهێناوەو بەڵام گەیاندوویەتییە لووتکەی غەزەل و قەسیدەی ڕۆژهەڵاتی.. بەڵام مەولەوی تاوگۆزی شیعری لەسەر بنەمای فۆلکلۆرو کەلەپووری شیعری دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) نووسیوە، کە چ لە ڕووی زمان و چ هونەری شیعرەوە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە تەنانەت لەو شیعرەش کە پێشتر لەسەر دەستی شاعیرانی دیالێکتی کوردیی سەروو (کرمانجی)ی وەك مەلای جزیری و ئەحمەد خانی و...هتدا هەیە، چونکە ئەمانیش هەر بە شێوازی حافزو لەسەر هەمان ڕێبازو نەریتە هونەری و ئیستێتیکییەکانی شیعریان نووسیوە.. ڕاستە لەنێوان شیعری حافزو مەولەویدا تۆڕێکی پەیوەندیی بەهێز لەڕووی (theme) بابەت و شێوازی شیعرییەوە لە داڕشتنی وێنەی شیعری و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ناسکبێژی و ناسکیی خەیاڵ و فەنتازیای شیعریدا – هەیە، بەڵام لەڕووی بونیادیشەوە هەر شاعیرەو سەر بە نەریتێکی شیعریی تایبەتە..

لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا کە لە چوارچێوەی چەمکی چوارەمی میتۆدەکەی ج.جینێتدایە، هەوڵدەدەین لەبەر دەرفەت کەمی نموونەیەکی شیعری بۆ ئەم مەبەستە لە بەرهەمی هەردوو شاعیر بهێنینەوە، بەگوێرەی "پێشینە"و "دواپینە". لێرەدا نموونەی غەزەلێکی حافز دەهێنینەوە، دەڵێ:

ز گریه مردم چشمم نشسته در خونست　　ببین که در طلبت حال مردمان چونست

بەیاد لعل توو چشم مست میگونت　　ز جام غم می لعلی که می خورم خونست

ز مشرق سر کو آفتاب طلعت تو　　اگر طلوع کند طالعم همایونست

حکایت لب شیرین کلام فرهاد است　　شکنج طرهٔ لیلی مقام مجنونست

دلم بجو که قدت همچو سرو دلجوست　　سخن بگو که کلامت لطیف و موزونست

ز دور باده به جان راحتی رسان ساقی　　که رنج خاطرم از جور دور گردونست

از آن دمی که ز چشمم برفت رود عزیز　　کنار دامن همچو رود جیحونست

چگونه شاد شود اندرون غمگینم　　به اختیار که از اختیار بیرونست

ز بیخودی طلب یار می کند (حافظ)　　چو مفلسی که طلبکار گنج قارون است

(١٣، ص٣١٣)

مەولەویش دەڵێ:

دەورێ دەر ساقی وە لای مەحزووندا　　لەیل ئاسا بویەر وە لای مەجنووندا

جامێ جە صەهبای دیای باڵاکەت　　ئالوودەی غوبار تۆز پاڵاکەت

بەو نازو عیشوە وێت پێم دەرەوە　　جەستەی پەژموردەم ئیحیاکەرەوە

جەی (قلب الأسد) تاوسان دووری　　فینك کەرەوە جەستەی مەهجووری

بەڵکم شەرارەی نائیرەی فیراق　　نەسۆچنۆ تەمام سەوزەی ئیشتیاق

بەڵام بەو شەرتە مەیلت مودام بۆ　　منیچ بەو مەیلە دنیام وە کام بۆ

نەك غەزال ئاسا دیاو ڕەمت بۆ　　گا مەیل شادی، گا ماتەمت بۆ

ئیتر کافی بۆ جەورو جەفاکەت　　بەڵ تا وە سەربۆ مەیل و وەفاکەت

ئەر چەند هەفتەیێ عومرم مەندە بۆ　　بەڵکم دووری ی تۆ لێم نەسەندە بۆ

(١٨، ل٢٣٣-٢٣٤)

ئەم دوو نموونەیە هەریەکەیان لە (٩) بەیت پێکهاتووە، شیعرەکەی حافز غەزەلە، مەبەستمان لە غەزەل بە مانا ڕۆهەڵاتناسییەکەیەتی کە زیاتر باس لە فۆرمی شیعرەکانە لەڕووی ژمارەی بەیتو کێشو سەرواو نەریتەکانی تری غەزەلی عەرەبی – فارسییەوە کە حافز شیعری پێ نووسیوە. بەڵام شیعرەکانی مەولەوی – وەك پێشتریش وترا – جۆرێکی تایبەتن کە کێشو سەروایان هی فۆلکلۆری کوردین،.. بەڵام سیمای هاوبەشیان لەگەڵ غەزەلی تەقلیدیشدا لەڕووی بابەتو ناسکبێژیو فەرهەنگی وشەو... هتدەوە هەیە. ئەم نموونەیەی شیعری مەولەوی بە کێشی سیلابی – پەنجەیی، کە کێشی (١٠ – پەنجەیی)یە لە هەر نیوە دێڕێکداو شاعیر زۆربەی شیعرەکانی بەم کێشە فۆلکلۆرییە نووسیوەو لەدوای ئەم سیلابانە وەستانی دروستکردووە وەك: {٥+٥، ٢+٣+٥، ٢+٣+٥، ١+٤، ٣+٢+٢+٣...هتد}*.

**بابەتی نموونەکان:** (theme)

باری دەروونیی هەردوو شاعیرە، کە کەشوهەوایەکی خەمناکی هەیەو لە سەرچاوەکاندا باس لەوە کراوە، حافز ئەو شیعرەی بۆ کۆچیدوایی کوڕەکەی وتووە، مەولەویش هانا بۆ (ساقی) دەباو دادو بێدادیەتی

* بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (١٧، ل١٩٦-١٩٩).

لەدەست دووری‌و دیداری دەگمەنی لەگەڵ دۆستدا، ئەڵبەتە (ساقی) لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی لەیەك وشەدا کۆی بکەینەوە. "بەهاوارەوە هاتوو – فریادڕەس".

بونیادی هەردوو نموونەکە لەسەر پارادیگمی {شاعیر – بەرانبەرێك} پێکهاتووە، تەوەرەی سیمانتیکیی یەکەم (شاعیر)ە کە ئەندێشەو هەست‌و نەستی دەردەبڕێ‌و (ساقی و مەی) لای حافزیش دێنە ناوەوە،.. بەڵام ئەوەی مەولەوی جیاوازە، چونکە دەتوانین بڵێین کە {شاعیر – ساقی} لای ئەم دوو تەوەرەی سیمانتیکیی زۆر ڕوونن‌و تەنانەت نموونەکەی مەولەوی لەسەرەتاوە تا دوایی {دیالۆگ – گفتوگۆ} یەکە لەگەڵ ساقیداو دەوری فریادڕەسی شاعیر دەبینێ.. کەواتە دەکرێ بڵێین بونیادی بنەڕەتیی ئەم دوو نموونەیە ئاوایە:

شاعیر – {بەرانبەرێك – لەدەستدانی کوڕ} – مەی – لای حافز

شاعیر – ساقی – داد لەدەست دووریی یار – لای مەولەوی

ئەگەر سەیری وردەکاریی ناوەوەی شیعرەکان بکەین، زۆر وێنەی شیعری لەسەر بنەمای "دوالیزمی دژ" پێکهاتوون، هەر بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| لعل تو و چشم مست میگونت | × | جام غم می لعلی که می خورم خونست |
| آفتاب طلعت | × | بەڵام نادیارە (طلوع) کند یان نەء! |
| راحتی جان | × | رنج خاطر از جور دوری |
| رود عزیز | × | دامن همچو رود جیحون است |
| شاد × اندرون غمگین | × | إختیار بیرون {کە کوڕەکەی لێ سەندۆتەوە} |
| مفلس × | | طلبکار گنج قارون |

هەروەها لای مەولەویش ئەم "دوالیزمی دژ"ە، زۆر ڕوونتر لە شیعرەکەدا دەردەکەوێ:

| | | |
|---|---|---|
| نازو عیشوە | × | جەستەی پەژموردە ئیحیا دەکاتەوە |
| (قلب الأسد) تاوسان دووری | × | فینك کەرەوە جەستەی مەهجووری |
| شەرارەی نائیرەی فیراق | × | نە سۆچنۆ تەمام ەسەوزەی ئیشتیاق |
| دیاو × رەم | × | شادی × ماتەم |
| جەورو جەفا | × | وەفا |

هەندێ وێنەی شیعریی جوانیان تێدایە، کە لەسەر بنەمای تەریبی‌و گونجانە، نەك دژایەتی، بۆ نموونە لای حافز:

ز مشرق سرکو آفتاب طلعت تو
طلوع و طالع همایون
حکایت لب شیرین کلام فرهادست
شکنج طرۀ لیلی مقام مجنونست
قدت (هی یار) ⟵ سرو دلجوست
سخن (یار) ⟵ کلامت لطیف و موزون است

لای مەولەوی:

- لەیل ئاسا بویەر وە لای مەجنووندا {لەیل و مەجنوون}

- صەهبای دیای باڵای یار = تێکەڵ بە غوباری تۆزی کەوشەکەی
- مەیلی مودام = دنیای وەکام

**لەڕووی فەرهەنگی وشەوە**

**لای حافز:**

گەلێ وشەو دەربڕین کە تایبەتمەندیی غەزەلی کلاسیکین، وەك:

مردم چشم، خون، حال مردم، لعل، مست، میگون، جام، مشرق، آفتاب، طلعت و طلوع، همایون، حکایت، کلام، شکنج طرۀ، (فرهاد و شیرین)، (لیل و مجنون)، باده، سرو، ساقی، جان، خاطر، جور دور، گردون، کنار دامن، رود، جیحون، شاد، غمگین، إختیار، مفلس، گنج قارون...هتد

**لای مەولەوی:**

هەرچەندە کەمتر فەرهەنگی وشەی کلاسیکی – تەقلیدی لە زمانی زۆربەی شیعرەکانیدا بەکاردێنێ، بەڵام لەم نموونەیەدا بەپێچەوانەوە، ئەو وشەو دەربڕینانە بەرچاون:

ساقی، مەحزوون، لەیل، مەجنوون، جام، صەهبا، دیای باڵا، ئالوودەی غوبار، تۆز پالا، نازو عیشوە، جەستەی پەژموردە، ئیحیا، قلب الأسد، مەهجووری، شەرارە، نائیرەی فیراق، ئیشتیاق، شەرت، مەیل، مودام، غەزال، کافی، جەورو جەفا، وەفا.

لەو ڕانانە کورتەی بابەتو لایەنی بونیادی زمانیو هونەریی شیعری هەردوو شاعیردا بۆمان دەرکەوت کە دەکرێ بەگوێرەی جۆری چوارەمی میتۆدەکەی ج.جینێت کە (کۆکەرەوەی دەق)ە، لە تەلارسازیو چۆنیەتیی پێکهاتەی بونیادی وەك یەکەیەکی سەربەخۆو کارامانە داڕێژراو بدوێینو لە خودی هەردوو نموونە شیعرییەکەوە، کە هەم ڕایەڵیو هاوبەشو هاریکاریی مۆزاییکی دەقو هەم جیاوازیو تایبەتمەندیی شیعری هەردوو شاعیر تا ئاستێك بدەینە بەر ڕۆشناییو بیخەینە پێش چاو.

٥- Hypertextuality – لاساییکردنەوەو پابەندبوونی دەق (التعَّلُق النصي)

ئەمە جۆری پێنجەمی دابەشکردنەکەی ج.جینێتە، مەبەست لێی هەموو پەیوەندییەکی (hypertext) تێکستی (B) "دوایینە"یە بە "پێشینە" (hypotext)ەوە، بەڵام شێوەی قسەو سەرنجدان دەربارەی وەرناگرێ ( ، ل٥).

وەك ناتالی بییقی – غروس ڕوونیکردۆتەوەو دەڵێ: "ج.جینێت... هەموو پەیوەندییەکی کۆکەرەوەی نێوان تێکستی B – دوایینەو تێکستی A – پێشینە کە لێوەی وەرگیراوە بە پەیوەندیی (خستنە سەر) نەك (تێهەڵکێش) – دیاریدەکات. جینێت پێشنیازی پۆلێنکردنی جیاوازی هیپەرتێکستوالیتی بە دوو پێوانە دەکات، سرووشتی پەیوەندییەکە (imitation لاساییکردنەوە – transformation گواستنەوەی تێکستی پێشوو: هیپۆتێکستە) و تایبەتمەندییەکەی (ludique – گاڵتەپێکردن، satirique – لاقرتێو پێ پێکەنین، serieu – جددییەت)ن". (٢٣، ص١٩)

ڕەخنەگرانی تر بەم hypotext ەی ج.جینێت دەڵێن inter-text، مەبەست لەمەش ئەوەیە کە دەکرێ لەو تێکستە پێشینەیەوە دەلالەتو واتای تێکستەکە لێکبدرێتەوە، هەر بۆ نموونە دەوترێ کە "ئۆدیسا"ی هۆمیرۆس هیپۆتێکستی "ئێنیدا"ی ڤیرجیلە، یان "یۆلیسیس"ی جێمس جۆیسە، یان "کۆمیدیای

یەزدانی" دانتی، هیپۆتێکستی "وێرانە خاك"ی ن.س.ئیلیۆتەو...هتد

یەکێك لەو چەمکە گرنگانەی ج.جینێت لەم بارەیەوە هەیەتی چەمکی palimpsests "الأطراس، الطروس، الرق"ە. عەبدولحەق بلعابد دەربارەی ئەم چەمکە دەڵێ: "کتێبی (الأطراس) بەڕاستی ئەو بەرهەمەیە کە هەموو پێکهاتەی چەمك‌و تێگەیشتنی "شیعرییەت"ی ج.جینێتی کۆکردۆتەوەو لەخۆگرتووە. ئەمە ئەو کورگ "سێنتەر"ەیە، کە لێوەی هەموو ئەو تێگەیشتنە شیعری‌و گێڕانەوەیەی لێیانی کۆڵیوەتەوە، بەش بەش و بلاّودەبنەوە...". (٢١، ص٢٦) مەبەست لە "الأطراس" ئەو نووسینانەن کە جارو دووجار دەسڕدرێنەوەو تێکستێکی نوێیان لەسەر دەنووسرێتەوە، بەلاّم ئەم تازەیە کۆپێی ئەوانەی پێشوو نییە. ئەم چەمکەش دیرگەیەکی بنەڕەتیی ڕوانگەی دەقئاوێزان بەگشتی‌و میتۆدەکەی ج.جینێت پێکدێنێ‌و لە ڕاستیشدا فۆکوسی ئەم بیرەی کردووەو بەشێوەیەکی سەلمێنەر پەرەی پێداوەو خەملاّندوویەتی‌و ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، کە جۆری پێنجەم لەخۆیدا، نە ژانرەو نە کۆکەرەوەی بن ژانریشە، بەلاّم شێوازێکی کارکردن‌و توێژینەوەی دەقە.

زانای ناوبراو بایەخێکی بەرچاوی لە میتۆدەکەیدا داوە بە ژانرە ئەدەبییەکانی وەك pastiche * (بەرهەمێکی ئەدەبیی تەنزئامێزە)، parody ** (لاساییکردنەوە بۆ گاڵتەجاڕی) و travesty (لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجارانەو پێکەنین هێنەو ژانرەکانی تریش دەگرێتەوە) ***.

ج.جینێت گریمانەی ئەوەی کردووە، کە هیپەرتێکستوالیتی پشت بە زانیاریی خوێنەر دەربارەی هیپۆتێکستەکە دەبەستێ‌و دەزانێ بەشێوەی لاقرتی‌و گاڵتەپێکردن گوێزراوەتەوە (٢، ل١٠٨-١٠٩). لەم حاڵەتەدا بۆ نموونە شاعیرێك، نووسەرێك لە هەڵوێستێکی دیارکراو، کاری نووسەرانی تر، شیعرێك، پارچە پەخشانێکی هونەریی، چیرۆکێك، ڕۆمانێك وەردەگرێ‌و بەمەبەست، بە شێوازێکی ڕەخنەگرانەو تەنانەت زبر و سەرکۆنە، هەڵیدەگێڕێتەوە، دیارە، لێرەدا ئەم ئاوەژووکردن‌و داڕشتنەوەیە، زۆربەی جار "نووسەری پێشینە" ناگرێتەوە، بەلاّم ئەو کۆنتێکستە دەگرێتەوە، کە بەرهەمەکەی تێدا هاتۆتە ناو. ئەمەش بۆ پەردە لە ڕوو هەڵماڵینی دیاردەی دزێوی ناو کۆمەڵ، یان وەك غەریبی‌و نامۆییکردنی ڕۆژگاری "ڕابووردوو" و لەبەر نالەباریی "ئێستا" ئەفسووس خواردنە بۆی...هتد.

دیارە بەکارهێنانی ئەم شێوازانە (مەبەست لە پارۆدی و پاستیش و...هتدە) زیاتر ژانرەکانی پەخشانی وەك: چیرۆك، ڕۆمان، دراماو...هتد دەگرێتەوە، هەرچەندە ناتوانرێ شیعریشی لێ بەدەربکرێ.

ئێمە لەو بەشانەی تری توێژینەوەکەماندا بەگوێرەی جۆرەکانی تری ج.جینێت هەندێ ڕایەڵ‌و پەیوەندیی نێوان شیعری حافزی شیرازی‌و مەولەویی تاوگۆزیمان نیشاندا، لەم دوابەشەشدا لەسەر هێنانەوەو

---

pastiche * – شێوەیەکی پێچەوانەی ڕەگەزانێکی ئەدەبییە کە لە بەرهەمی نووسەرانی تر یان لە نووسەرێکی تایبەتی پێشینە قەرزکراون. ئەم زاراوەیە ئەوە دەگەیەنێ کە بە هەستی لێ کەمکردنەوەو بۆ بەڵگەی نەبوونی ڕەسانەیەتیی (بەرهەمێکی ئەدەبی) بەکاربهێنرێت، یان بەشێوەیەکی زیاتر ئاسایی بۆ ئاماژەدان بۆ هەندێ کاری (ئەدەبی) بە مەبەست‌و ئەنقەست‌و یارییەکی لاساییکردنەوەی تەواو وەك شێوەیەکی پەسنی‌و پیاهەڵدان زیاد لەوەی لاسایی گاڵتەئامێزبێ، ئەگەر شتی فریودەری ئەدەبیی تێدا نەبوو، ئەوا دەچێتە خانەی دزیی ئەدەبییەوە. (٢، ل١٦٢)

parody ** – لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی ستایلی (شێوازی) کارێك یان کارانێکی ئەدەبییە، نەریتی شێوازی دانەرێك یان قوتابخانەیەك بەهۆی لاسایی‌و زیادپێوەنانەوە دەکرێتە مایەی گاڵتەو پێکەنین. پارۆدی پەیوەندیی بە burlesque (جۆرێکی تر لە تەنز)ەوە هەیە لەکاتی بەکارهێنانی ستایلێکی جددیدا بۆ پێکەنین پێی و کردنی بە مایەی گاڵتەجاڕی، بۆ تۆڵەسەندنەوەی گاڵتەئامێز لەو جیاوازییەی لە ستایلەکەدا هەیە، تەنانەت دەبێتە ڕەخنەی شیکاریی ستایلەکەی (واتە هی ئەو بابەتەی پارۆدی بۆ کراوە). (٢، ل١٦١)

travesty *** – هەوڵی گاڵتەکردنە بە شێوەی لاسایی بۆ بابەتێکی شکۆدارو کردنییەتی بە بابەتێکی بێ بایەخ‌و پڕووپووچ، ئەمەش هەر جۆرێکی پارۆدییە. (٢، ل٢٦٢)

خستنەڕووی ئەو دیمەنە هاوبەش و جیاوازانەیان چەردەیەکی تری نموونەی شیعری لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرەدا، بۆ گەیشتن بە هەندێ گریمانەو بۆچوونی لەسەر بنەمای هەژماری مەیدانیی توێژینەوە هەڵچنراوو سەلمێنەری ئەو ئەنجامانەی دەمانەوێ بیانخەینە ڕوو – لێکدەدەینەوەو شیدەکەینەوە.

لەم جۆرەی دابەشکردنەکەی ج.جینێتدا لەسەر بنەمای سێ کۆدی گرنگ: چاو، دڵ، بادە– نموونە لە شیعری هەردوو شاعیر بۆ پراکتیك و شیکاری دەهێنینەوە:

<u>چشم، دیدە، چاو</u>

حافز دەڵێ:

دارم عجب ز نقش خیالت کە چون نرفت　　　از دیدەام کە دمبدمش کارشست و شوست

(١٤، ص٣٨٩)

یان:

خیال قامت سروش مقیم دیدۀ ماست　　　از آنکە کە سرو سهی مقام بر لب جوست

(١٤، ص٦٢٢)

یان ئەمەیان:

از چشم خود بپرس کە مارا میکشد　　　جانا گناه طالع و جرم ستارە نیست

(١٤، ل٤٦٦)

لە نموونەی یەکەمدا حافز سەرسووڕمانی ڕەوانبێژی دەنوێنێ کە چۆن "خیال"ی دۆست لە چاویدا ناڕەوێتەوە کە بەردەوام فرمێسك خەریکی شتنەوەیەتی، دیارە مەبەست لەبەر دووریی یارە،.. وێنەیەکی پلاستیکیی بەرجەستەی لە "چاو"ی شاعیر خۆی و فرمێسك و خەمی دووریی یار – کە ئەبستراکتەو بەهۆی "چاو" و "فرمێسك"ەوە بەرجەستە بووە، نەخشاندووە.

حافز لە نموونەی دووەمیشدا کە هەر لەسەر بنەمای "چاو"ە لە میتافۆرێکدا دوو ئەندامی لەشی مرۆڤی کۆکردۆتەوەو چواندونی بە دوو ڕەگەزی سرووشت (سرو) کە "سهی مقام" و "لب جو" کەناری جۆگەیە،.. کە میتافۆرێکی نواندن یان ئامێتەیە. لە نموونەی یەکەمدا یار لە خەیاڵی شاعیردا بوو کە ئەبستراکتە "چاو و فرمێسك" هی خۆی بوون.. لەمەشیاندا هەر "خیال" بەکارهاتووە نەك بۆ (یار) وەك "کل" بەڵکو تەنیا بۆ "قامت"ی یار و خستوویەتییە ناوچاوی هەروەك چۆن "سەرو"ی زراڤ لە کەناری "جۆگە"دا دەڕوێ.. لەم بەیتەدا وێنەکە فۆکوس کراوە، لەڕێگەی "جزء – قامت"ەوە، تەعبیر لە (یار – کل) کراوە.. ئەمەش گونجان و ڕەنگنی و سێبەری وێنەکان هەریەك بەشێوەیەك دەردەخات.

لە بەیتی سێیەمدا، "چاو" هی یارەو (جزء)ەو لەڕێگەیەوە (یار) وەك (کل)ێك تاوانبار دەکرێت، کە چی ناوەتەوە، مەبەست لە شەیدابوونی شاعیرە بەچاوی یارەکەی کە کەمەنکێشی کردووەو بەرەو ناو دڵی خۆیی بردووە،.. لە نیو بەیتی دووەمدا حافز دوو کۆدی لە دەوروبەرە کولتوورییەکەوە هێناوە، کە "طالع" و "ستارە"ن، و پێی وایە گوناهی ناوچەوان و بەخت و "ئەستێرە" نییە، (مەبەست لێی ئەو بورجانەیە کە مرۆڤیان تێدا لەدایکدەبێ و ژیانی هەر کەسە بەپێی بورجەکەی دەبێ).. لەم سێ نموونەیەدا دوانیان "دیدە"و یەکێکیان "چشم"ی تێدا بەکارهاتووە. ئەگەر وردببینەوە ئەو ناسکبێژی و ڕەوانبێژییە دانسقەیەی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێ کە لەو بەیتانەدا بەکاریهێناون.

هەر لە "چاو" مەولەویش دەیان وێنەی داڕشتووە، کە ئەوانەی (حافز)مان وەبیر دێننەوە، دەڵێ:

"بعد" وه دیدەت شای نەونەمامان　　هەر ئید مژنەوو وەهارێ ئامان
ناستەنش هەوای نەوبەهاران پێم　　تەماشای وەهار حاڵەتەکەی وێم:
شەتاوم هووناو دیدەی پڕ دەردەن　　نەسیمم شنۆی هەناسەی سەردەن
(١٩، ل٦٢٠)

یان:

جیاتی موژەی سفتەی باڵاکەت　　چێش بۆ وە جاڕووی گەرد پاڵاکەت
پایێ چون مەنیای، دیدەم نە دیدەم　　ئازار بی پەرێش موژەی نمدیدەم؟
دەك عومرم چون وەسڵ باڵات تەمام بۆ　　چێو بێ ئازار بۆ مشیۆ پێش کام بۆ
(١٩، ل٧١٥)

یان ئەم دێڕە:

بەهای نیگای تۆ گیان ئاڵەمەن　　زەڕەی مەیلەکەت شەفای ناڵەمەن　(١٩، ل٥١٩)

لە نموونەی یەکەمدا دووجار (دیدە) بەکارهاتووە، هی شاعیرو دیدەی یاریش، کە سوێندی پێ دەخوا، جۆرێك لە شکۆشی خراوەتە پاڵ، بە وێنەیەکی میتافۆریی وەك "شای نەونەمامان"یش ناوی دەبات.

لە دێڕی سێیەمدا (دیدەی شاعیر) هاتووە کە بۆتە شەتاوی خوێن، "نەسیم"یش بووە بە شنەی هەناسانی سارد... لێرەدا "دوالیزمی دژ" هەیە، "شەتاو" و "شنەی با"، هەمیشە دوو دیاردەی سرووشتیی نەرێنین، بەڵام شاعیر هەڵیگێڕاونەتەوە بۆ دەربڕینی باری دەروونیی "نەرێنیی" خۆیو بە "هووناوی دیدە" و "هەناسەی ساردی".. کە هەموو لەنگەرەکانی تابلۆ خوازەییەکەی بەشێوەیەکی گونجاوو ئۆرگانی پێکەوە گرێداوەو بەرجەستەی کردوون.

هەروەك لە نموونەی دووەمی حافزدا لای مەولەویش لەگەڵ "چاو"دا موژەو هەروەها ئەندامێکی لەشی ژن "باڵا" کە لە شیعردا زۆرباوە هێناونیو لادیمەنەکانی تابلۆکەی پێ تەواوکردوون، سەرەڕای دووجار دووبارەکردنەوەی "دیدە" لە دێڕی دووەمداو هەرجارەیان ئەرکێکی خستۆتە ئەستۆ، دیسانەوە "موژە"ش بەکارهاتۆتەوە، کە ئەمە فۆکوسی "دیدە"یەو ئەرکی شیعریی جیای خراوەتە ئەستۆ، لە دێڕی سێیەمیشدا دیسانەوە "باڵا" هاتۆتەوە ناو، ئەم بەکارهێنانە تەریبییە بۆ تیشکۆی وێنەی هونەری نەریتێکی ئیستێتیکیی گونجاوە..

لە نموونەی سێیەمدا، "دیدە" ئەرکەکەی لە دنیای ریالییەوە بۆ ئایدیاڵی بەرز دەبێتەوە، بە "فیدای دیدەت بام" دەست پێ دەکات ئەم جۆرە دەربڕینە فۆلکلۆرییە دەوترێ: "فیدای باڵات بام،.. فیدای...هتد" مەولەوی سەرەتای دێڕەکەی پێ کردۆتەوە.. دواتر "دیدەی یار" "وە بێ مەی مەستەن"، "نیگای دییە"ی بۆتە "بادەی ئەلەست" و لە دوایین دێڕدا "بەهای نیگای" بۆتە سەرجەم گەردوونو "زەڕەی مەیل" شەفای ناڵەیەتی... ئەم چنینە دەربڕینی "وحدەتی کەون" و تاڵە داوی گرنگی "بیری یەکێتی بوون"یان تێدایە..

لەم ڕانانو شیکارییەوە دەتوانین ئەوە بڵێین، ڕاستە مەولەویش وەك حافز لە "دیدە" و هەندێ ئەندامی تری لەشی مرۆڤی وەك: "باڵا، موژە..." تابلۆی خوازەیی شیعریی ئەفراندووە، بەڵام وەك چەمکی "palmsists"ەکەی ج.جینێت "rewriting" – دووبارە نووسینەوەو کۆپییە نییە، بەڵکو نووسینەوەیەتی بە هەناسەیەکی تازەوە.

<u>دڵ – دڵ</u>

دڵ هەمیشە کورگ و ئەندامی گرنگو کاریگەری لەشی ئادەمیزادە و نیشانەی نێوان (ژیان – مردن)ە، لە

جیهانی ئایدیاڵیشدا سەرچاوەی گەورەترین هەستی مرۆڤایەتی – خۆشەویستیو ڕەنگدانەوەشییەتی لە شیعردا.. عەرەب بە "چاو و دڵ" دەڵێ "أصغرين"، واتە، دوو ئەندامە بچکۆلەکە، بێگومان بە قەبارە، ئەینا لە ڕاستیدا هەرە گەورەو گرنگەکەی ژیانی مرۆڤن.. بۆ شیعر هەیە لە "چاو" و "دڵ" خاڵی بێ؟!

حافز دەڵێ:

خون دلم چو درد دل من جای تنگ یافت     گلگون ز راه دیده بصحرا دواندو رفت

(١٤، ص٦١٣)

یان:

مستور و مست هردو چو از یك قبیله‌اند     ما دل بعشوه كه دهیم اختیار چیست

(١٤، ص٤٦٣)

یان ئەم بەیتە:

ای غایب از نظر كه شد همنشینی دل     می گویمت دعاو ثنا میفرستمت

(١٤، ص٥٥٦)

یان:

دل من از هوی بوی تو أی مونس جان     خاك راهیست كه در پای نسیم أفتاده است

(١٤، ص٢٦١)

لە نموونەی یەکەمدا "دڵ" دووجار دووبارەبۆتەوەو وێنەیەکی جوانی لەسەر داڕێژراوە، خون دل = درد دل بۆ؟ هەردووکیان "جای تنگ یافت"ن..

گڵگون بووە بە خوێنو ڕێگای سارای بەهەڵەداوان گرتۆتەبەر.. لێرەدا وێنەکە لەسەر بنەمای تەریبیو هاوسیایەتی پێکهاتووە. بەڵام لە بەیتی دووەمدا، لەسەر بنەمای "دوالیزمی دژ":

مستور × مست

لێرەدا (مستور) بەمانای پاکیزەییو دوور لە گوناهی دێت، بەڵام (مست) مانا ڕوواڵەتییەکەی لە ڕوانگەی دۆگمای ئاینەوە وەك لەڕێ لادان – دەژمێردرێت.. بەڵام حافز بەو گیانە گەردوونیو سۆفی مەشرەبییەیەوە، یەکسانی کردوونەتەوە کە مادام "دل" بە عیشوە – نازی دۆست بدەین، ڕێگامان هەریەکەو ئامێتە دەبینەوە..

بەیتی سێیەمش هەر لەسەر بنەمای دژایەتی ڕوواڵەتی پێکهاتووە: "غایب" "همنشینی دل"ە، ئەمەش دەچێتەوە سەر "حوزوور" و "غیابی" سۆفییانە، ڕەنگە دۆست بە لەشو قەبارەی مادی لەبەرچاو نەبێ بەڵام هەمیشە لە دڵدا جێگای خۆی گرتووە..

لە نموونەی چوارەمدا، حافز هاوتەریبیو گونجانی کردووە بە بنەمای بەیت – وێنە شیعرییەکەی "دل" لە هەوای بەرامەی هۆگری گیانیدا کە (یار)ە، خاکی ئەو ڕێگایەیە نەسیم پێی پێدا دەنێ.. "دل"ی شاعیر لە بەرامەی خۆشەویستیی گیانیدا بۆ تەوازوع نواندن بووە بە ڕاڕەوی "نەسیم".. "دل" کە "مادەیە" بە بۆنی "ڕۆح" خۆشەویستی یار شەیدا بووەو "نەسیم"یش – مرۆڤێندراوەو میتافۆرێکی شیرینی لێ ئەفرێندراوە..

ئەگەر بۆ "hypertext" – (B)ی ئەم شیعرانەی حافز "hypotext" – (A)کانی بگەڕێین بەگوێرەی جۆری پێنجەمی "hypertextuality – لاساییکردنەوەو پابەندبوونی دەقو دابەشکردنەکەی ج.جینێت لەلای مەولەوی ئەوا دەتوانین نموونەگەلێکی زۆری وەك ئەمانەی خوارەوە لە شیعرەکانیدا بدۆزینەوە:

مەولەویش دەڵێ:

دڵە وادەی سوبح نەووەهارانەن وەخت ئاگاهی دەردەدارانەن
هەرکەسێ دانش نەفامش نەبۆ بینیی عیرفانش زوکامش نەبۆ
گرفتی دەماخ نەدابۆ پەرداخ پەی پەی بۆی ئازیز مەیۆش وە دەماخ
جەی بۆی گیان بەخشە بێ بەش مەمانە ئەی سوبحە خاسە وە فرسەت زانە
تۆ دیای وە شۆن چەند صوبح نۆدا کەو چەند صوبح بدیۆ وەشۆن تۆدا

(١٨، ل٢٤٧-٢٤٨)

یان:

تەم خەم یانەی دڵ تاریك کەردەن ڕای ئامای لای تۆ جە یادم بەردەن

(١٩، ل١٧٤)

یان:

دیدە پڕ ئەسرین دەروون پڕ جە تەم کەوتەن نە رووی تەوق بەندیخانەی خەم
دڵ ئالوودەی هوون، تەن بارکیش دەرد زوان لەنگ و لاڵ، ڕەنگ خەزان سەرد
تۆ بەو بێڕەحمی ئازیزیچ وەی مەیل دڵەی کۆس کەفتەی منیچ جە هوون کەیل

(١٩، ل٩٠-٩١)

یان:

پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن دووریت خەیمەی دڵ ڕیشەکەن کەردەن

(١٩، ل٢٠٩)

نموونەی یەکەمی شیعری مەولەوی وەك ئەوانەی حافز، لەسەر بنەمای کۆدی "دڵ" دامەزراوە، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا شاعیر لاسایی کۆپییەیی دەقاودەقی شیعرەکانی حافزی نەکردۆتەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەزموونی هونەریی خۆیەوە دایڕشتۆتەوە، هەر بە تەبیعەتی شیعری "هەورامی"ش کە بونیادێکی داستانئاسای هەیە، شاعیر بە چەند دێڕو وێنەیەك فۆکوسی بابەت - بیرۆکەکە دەکاو بە پەڕەمووچی کارای خۆی دەینەخشێنێ.. مەولەوی لێرەدا لە بەیانییەکی بەهارە دەدوێو بە وەرزی دڵدارانی دادەنێو پێی وایە هەرکەسێ نەفام نەبێو "بینیی عیرفان"ی "هەڵامەتی نەبێ".. ئەوا ئەم هەلی دیداری ئازیزە لەدەست نادا، چونکە "مەرگ" لە ڕێگای هەمواندایە..

لە دێڕی دووەمدا "دژەوێنە"ی: نەفام و عیرفان هەیە، هەروەها وێنەیەکی نامۆو ناوازەی وەك "بینیی عیرفانش زوکامش نەبۆ".. کە میتافۆرێکی زۆر جوانی لەسەر بنەمای "مەحسووس" و "مەعنەوی" دروستکردووە، لووت = مەحسووسە، بەڵام عیرفان بیری ئەبستراکت و ئایدیاڵییە.

لەلای مەولەویش هەروەك حافز، هەمیشە پارادیگمی: شاعیر - دڵدار، پاڵەوانی لیریکی دەبێتە بونیادی دێڕو شیعرەکەو ئەم دوو یەکەیە بەرانبەریەکنو یەکدی تەواو دەکەن.. نموونەی دووەم، بە وێنەی پلاستیکیو بینراوو بەرجەستە: "تەم خەم" "یانەی دڵ"ی تاریککردووە، کە دوو میتافۆرن، داڕێژراوە. هەروەها سەرجەم دێڕەکە دەربڕی باری دەروونیی خراپی شاعیرە کە بەشێوەیەکە ڕێگای لای (تۆ - ئەو)ی لەیاد بردۆتەوە..

مەولەوی لە نموونەی سێیەمدا ئەم بارە دەروونییەی خۆیی بەشێوەی نیگار بە وشەکێشانو سووژێتی ئەلیگۆری پەرەپێداوەو لەڕێگەی وێنەی چڕو وەستانی کورت کورتەوە تیشکۆی وێنەکانی بە لادیمەنی

**جیاجیا کردووە:**

**دیدە پڕ ئەسرین، دەروون پڕ جە تەم، دڵ ئالوودەی هوون، تەن بارکێش دەرد، زوان لەنگ و لاڵ، ڕەنگ خەزان سەرد..**

**دوایی بەم دەربڕینە کاریگەرانەیە بەرانبەر یەك دەوەستن:**

**تۆ بەو بێڕەحمی + ئازیزیچ وەی مەیل = دڵەی کۆس کەفتە جە هوون کەیل**

**لەو سێ دێڕە شیعرەدا چەندین وێنەو میتافۆری بە زمانێکی چڕو پڕ ئاوازە خەملاندووە..**

**لە نموونەی چوارەمدا، شاعیر وێنەیەکی نامۆو ناوازەی وەك "شادی جە بێخ بێ" یان "خەیمەی دڵ" ڕیشەکەن بکرێن داڕشتووە، کە تیشکدانەوەی هەندێ دیمەنی ژیانی کۆچەرانە، بەڵام شاعیر هەستو سۆزو بیری ئەبستراکتی پێ دەربڕیونو لەگەڵ هیپەرتیکستوالتیدا دێنەوە.**

**<u>بادە</u>**

**(بادە) لای شاعیران بەمانا ئاساییەکەیو هەروەها بە خوازەییەکەشی بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە، بەڵام لەڕاستیدا زیاتر بە مەوداخوازییەکەی بەتایبەتی لە شیعری سۆفیگەریدا بۆتە چەقو بنەمای دەربڕینی هەستو سۆزو ئەندێشەی شاعیران.. ئەم زاراوەیە لە شیعری حافزو مەولەویشدا ڕووبەرێکی بەرچاوی داگیرکردووەو ئێمەش دواپاری ئەم توێژینەوەمانی پێ کلۆمدەکەین.**

**حافز دەڵێ:**

**حاصل کارگە کون و مکان این همە نیست**
**بادە پێش آر کە اسباب جیهان این همە نیست**

**(١٤، ص٤٦٩)**

**یان:**

**(حافظ) بخود بپوشید این خرقۀ می آلود　　　ای شیخ پاك دامن معذور دار مارا**

**(١٤، ص١٩)**

**یان:　شود مست وحدت ز جام الست　　　هر آن کو چو (حافظ) می صاف خورد**

**(١٣، ص١٣٥٣)**

**یان ئەم بەیتە:**

**بە می عمارت دل کن کە این جهان خراب　　　بر آن سرست کە از خاك ما بسازد خشت**

**(١٤، ص٣٩٣)**

**یەکێك لە کۆدە هاوبەشەکانی شیعری ڕۆژهەڵاتو لەوانە شیعری کوردییش "بادە"یە، جا چ بەمانا ئاساییەکەیو چ بە مەودا خوازەییەکەشی،.. لەو ڕایەڵانەشە کە بە هەردوو مەوداکەیەوە شیعری ئەم دوو شاعیرە پێکەوە گرێدەدات. دیارە تا ئاستێکی گونجاویش لە جوغزی چەمکی هیپەرتێکستوالیتیو پالمپسیسدا، ئەم نموونانەش وەك ئەوانەی پێشتر هێنامانەوە نیشاندەری ئەو ڕایەڵانەن کە ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکانەن.**

**لە نموونەی یەکەمدا حافز یەکسەر "بادە" دەکاتە دوا چارەسەری چارەنووسی مرۆڤو بێبنیایی دنیاو کورتیو بێ بایەخی تەمەنی دنیایی، بۆیە داوای بادە دەکا، دیارە "بادە" ئەو شەرابە مرۆڤ سڕکەرە نییە لای حافز، بەپێچەوانەوە مەبەستی لە بادەی ڕاستیو خواناسییەو ئەمە ڕووکردنە جیهانی ئەبەدییەتە نەك**

بە بێموبالاتی ژیان بەسەربردن تا مرۆڤ چاوی لێك دەنێ.

لە نموونەی دووەمدا حافز بە شێوازە تەنزو ڕەخنەگرانەکەی خۆی لەڕووی (شێخ) و (زاهید)ی ڕیاکاردا دەوەستێو پێی وایە "این خرقهٔ می آلود"ی لا چاکترەو داوای لێ بووردن لە شێخی پاك داوێن دەکا! بەیتەکە هەمووی ئەوە دەگەیەنێ کە دیسانەوە مەبەست لە "خرقهٔ می آلود" مانا ئیدیالی و سۆفییانەکەیە.

هەروەها لە بەیتی چوارەمدا دیسانەوە دەیەوێ کە لەم جیهانە چارەنووس نادیارو کۆتاییهاتووەدا عمارەتو تەلارسازی دڵی بە "می" بونیاد بنێت، کە ئەمە وێنەیەکی جوانی ئامێتەکردنی مەحسووس: عمارەت + دل و نامەحسووس: مەی – ە، کە دیسانەوە بە مانا خوازەییەکەی بەکارهاتووە. هەروەها مەولەویش لەم ڕووەوە گەلێ نموونەی هاوشێوەی حافزی هەن، دەڵێ:

| | | |
|---|---|---|
| | جامێ جەو بادەی وەسڵ دیدارت | جەو قەهقەهەی مەی شیشەی ڕووخسارت |
| | بە وێنەی جاران سا پێم دەرەوە | عیسەوی ئاسا ئیحیام کەرەوە (١٩، ل٥٠٩) |
| یان: | نەکەردەن ئیفتار دۆسەکەی کامڵ | سیوای وەی مەی کووس خەیاڵەکەت، دڵ |
| | | (١٩، ل١٣٢) |
| یان: | جەو ئەسکەنجەبین دەس سوروشتەکەت | یانێ: نامەکەی زێباو زشتەکەت |
| | بە بادەکەی وێت جام جام وەردەوە | تاڵی ی سەفرای دەرد دووریش بەردەوە |
| | | (١٨، ل١٢-١٣) |
| یان: | فیدای دیدەت بام وەبێ مەی مەستەن | نیگای دیدەی تۆ بادەی (ألست)ن (١٩، ل٥١٩) |

یەکەم نموونەی مەولەویش هەر بادە "بادەی وەسڵ دیدار"ەو "قەهقەهەی مەی" هی "شیشەی ڕووخسار"ی یارە.. لەڕووی بابەتەوە بێگومان "بادە" مانای خوازەیی – مەعنەوی هەیە، لەڕووی داڕشتنی وێنە شیعرییەکانەوە، تێکەڵکردنێکی تۆکمەو جێگای خۆ گرتووە، هەرچەندە "بادەی وەسڵ" لە شیعری کلاسیکی – تەقلیدیدا هەیە، بەڵام وێنەی "قەهقەهەی مەیی شیشەی ڕووخساری یار" وێنەیەکی نامۆو ناوازەیەو بەپێزیی خەیاڵی شاعیرو دەستەڵاتی داهێنەریەتی.

لە نموونەی دووەمیشدا وێنەیەکی نائاساییە دوو شتی بە رووالەت دژی کۆکردۆتەوە: ئیفتار "ڕۆژوو شکاندن" بە "مەی" لە چیش لە "کاسەی خەیاڵ"، کە شێوازی "پارادۆکس"ی وەرگرتووەو ئارایشتێکی شیرینی وشەو واتا هێنانە ناوە.

لە نموونەی سێیەمدا مەولەوی لە ڕێگای بەراوردو وەبیرهێنانەوە تابلۆیەکی خوازەیی لەنێوان دوو جەمسەری بە رووالەت نەگونجاودا کردووە، بەڵام کە تاوتوێی گۆشەو ئەمدیوو ئەودیوی هێڵو دیمەنەکانی دەکەین، وێنەیەکی شیعریی داهێنەرانەیە، شەربەتی دەستی سوروشتی دۆسی کامڵ = نامەی هەم جوان و هەم ناشیرین، یان لەڕاستیدا هەڵگری هەواڵی خۆشو ناخۆش، دیسانەوە جام لەسەر جام بادەی نامەنووس دەخواتەوەو تاڵیی دووری دەڕەوێتەوە. (لە ڕەوتە ئاساییەکەیدا ئەو شەربەتە بۆ نەهێشتنی سەفرا باشە)، بەڵام ئەم گواستوویەتەوە بۆ حاڵەتێکی ترو سازدانی وێنەی شیعریو کەشوهەوایەکی هونەریی کاریگەر، کە چێژێکی ئیستێتیکیی دەداتە خوێنەر.

دوانموونە شیعرێکی مەولەویمان هێناوەتەوە کە هەمان کۆدو کەرەسەی نموونەی سێیەمی حافزی بەئاشکرا تێدا دیارەو هەردوو شاعیر زاراوەی "ألست"یان بەکارهێناوەو ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆژەی کە یەزدان بەشەری کۆکردۆتەوەو لێی پرسیون: "ألست بربکم؟!" ئەوانەی وتویانە: "بلا!" ئەوانە باوەڕدارنو ئەوانەی وتوویانە: "نعم!" بێ باوەڕن.. ئەم حاڵەتەش لە زمانی عەرەبیدا "إستفهام إنکاری"ی پێ دەڵێن، "بەڵێ"

واتای "نەخێر" دەگرێتەوەو بەپێچەوانەوە.
وێنە شیعرییەکەی حافز "جام ألست"ەو ئەوکەسەی مەیی سافی وەك شاعیر خواردۆتەوە "مست وحدت" بووە.. لای مەولەویش "چاوی یار" "بەبێ مەی مەست"ەو نیگاکانیشی "بادەی ألست"ن.. لەم بەراوردو ڕانانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شیعرەکانی مەولەوی (B) دەگەڕێنەوە بۆ ئەوانەی حافز (A)، واتە هیپەرتێکستی، هیپۆتێکستی شاعیرێکی پێشینەن‌و بەڵام دەقاودەق نەگوێزراونەتەوە، ئەینا ئەوکاتە دەچووە خانەیەکی تری دەقئاوێزان. مەولەوی هاوکاریی مۆزاییکی دەق‌و کێبڕکێی کردووە لەگەڵ حافزداو بە شیعرەکانی شانی لە شانی شاعیرێکی گەورەی جیهان‌و ڕۆژهەڵات داوە.. ئەمەش لەگەڵ جۆری پێنجەمی دابەشکردنەکەی ج.جینێت‌و چەمکی "palimpsests" و تەنانەت بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ "allusion"یشدا دێتەوە.. کە ئەدەبناسان ئەم سەرنجەیان هەبووە دەربارەی هەندێ نزیکیی جۆری یەکەم و پێنجەمی میتۆدی ج.جینێت.

## ئەنجام

کاریگەری‌و گونجاویی "دەقئاوێزان" بەگشتی‌و میتۆدەکەی زانای فەرەنسایی، ج. جینێت بە تایبەتی، هاندەری ئەوەبوون کە بۆ توێژینەوەی شیعری دوو شاعیری ناودار: حافزی شێرازی (١٣٢٥- ١٣٨٩)و مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦- ١٨٨٢) پەنای بۆ بەرین‌و سوود لە شێوازو دابەشکردنە پێنج جۆرییەکەی ج. جینێت وەربگرین.
دیارە بەرهەمی بەپێزو دەوڵەمەندی ئەدەبی هەمیشە لە توێژینەوەدا کار بۆ توێژەر ئاسان دەکاو دەرگای خستنەگەڕی میتۆدەکەی بەشێوەیەکی گونجاو بۆ دەخاتە سەرپشت، هەروەك ئەوەی ئێمەش لە توێژینەوەی بەرهەمی ئەم دوو شاعیرەدا هەستمان پێکردووەو ورەی خستووینەتەبەر بۆ درێژەپێدان‌و تەواوکردنی کارەکەمان.
جیرارد جینێت "دەقئاوێزان"ی بەشێوەیەکی بابەتی‌و بۆچوونێکی ئەدەبناسیی تازەوە پەرەپێداوە. ئەم هاتووە intertextuality یە سەرجەمییەکەی یولیا کریستۆڤای گۆڕیوە بۆ transtextuality "بەزاندن‌و تێپەڕاندنی دەق"و دابەشکردنێکی پێنج جۆری بۆ دەقئاوێزان کردووەو لای ئەم زاراوەکەی یولیا کریستۆڤا، تەنیا: allusion "ئاماژە" quotation "تێهەڵکێش" plagiary "دزینی ئەدەبی"... دەگرێتەوە. لەم توێژینەوەی ئێمەشدا "ئاماژە" و "تێهەڵکێش" پشکی باشیان بەرکەوتووەو لەبەر بێدەرفەتی بە چەردەیەك نموونەی شیعری قنیاتمان کردووە، کە بەڕوونی ڕایەڵ‌و پەیوەندیی شیعری ئەم دوو شاعیرە دەردەخەن‌و زیاتریش ئەوە دەسەلمێنن کە ناکرێ‌و ناشێ بە ڕوانگەی بەراوردکاری "بنەوان، سەرچاوە" و "کاریگەری" بەرهەمی ئەدەبی بنرخێنین‌و ڕوانگەی پێشڕەوانەی زانایانی "دەقئاوێزان" بابەتییانەو سەرجەمیانەترو گونجاوترە بۆ هەڵسەنگاندن‌و توێژینەوەی ئەدەبی.
شایانی باسە، تەنیا نموونەیەکیش چییە بەرچاومان نەکەوت کە گواستنەوەی دەقاودەقی بەیتە شیعرێکی حافزی لەلایەن مەولەویی تاوگۆزییەوە، پێشمان وایە شاعیرێك بە ئاکاری بەرزو دەستەڵاتی داهێنانی وەك ئەمەوە، هەرگیز پێویستی بەوەنەبووە، ئێمە تەنیا لەبەر زاراوەی میتۆدەکە ئاماژەی ئەمەمان کرد.

جۆری دووەمی دابەشکردنەکەی ج. جینێت Paratextuality "پێداویستیەکانی دەق"ە، کە ناونیشان‌و نێوان ناونیشان‌و ژێرناونیشان‌و پێشەکی‌و پاشەکی‌و... هتد دەگرێتەوە.
دیارە نەک هەر لە ئەدەبی کوردیدا بەڵکو لە ئەدەبی ئەوروپاییشدا ناونیشانی شیعر بەشێوەی ئەمڕۆ نەبووەو تەنانەت لە پێڕستی دیوانەکاندا هەر نیوەدێڕی یەکەم لەباتی ناونیشان نووسراوەو جێگەی ناونیشانی گرتۆتەوە، هەروەها بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات "نازناوی شیعری"ش لە تێکستدا نووسراوە، کە دەورێکی گرنگی لە ناسینەوەی بەرهەمی شاعیراندا بینیوە، "ئاستانە"و سازدانی کەش‌وهەواو دەستپێکی شیعرو داڕشتنی بونیادو لایەنە هونەرییەکانی تریش، هەندێکیان دەچنە چوارچێوەی ئەم جۆری دووەمەی ج. جینێت‌و سوودێکی باشیان بۆ دەرخستنی ڕایەڵ‌و پەیوەندیی نێوان بەرهەمی شاعیران هەبووە، لەوانیش ئەم دوو شاعیرەی ئێمەو توانیومانە نموونەی گونجاو بۆ ئەم لایەنە بهێنینەوە، کە نزیکیی شیعری حافزو مەولەوی‌و دیالۆگ‌و کێبڕکێی نێوانیان دەردەخا، واتە هی شاعیری "دواینە" لەگەڵ "پێشینە" دا.
جۆری سێیەم- metatextuality "شرۆڤەی دەق"ە، کە بابەتی وەک: وتار، گفتوگۆ، ڕەخنەی ئەدەبی...هتدن ئێمە بەلای ئەم لایەنەدا نەچووین، بەڵکو هەر لە جوغزی شیعری هەردوو شاعیردا ماوینەتەوەو ئەو هەڵشیلانەوەو داڕشتنەوەمان نیشانداوە کە مەولەوی لەگەڵ "پێشینە"ی خۆی، حافزی شیرازیدا، کردوویەتی‌و هەوڵی پەرەپێدان‌و کێبڕکێی - سا بەئاگا یان بێئاگا- بەرهەمی ئەوی داوە.
جۆری چوارەم- architextuality "کۆکەرەوەی دەق"ە، لەهەموو جۆرەکان ئەبستراکترەو تەنانەت جینێت خۆشی بە تەواوی گەڵاڵەی ئەم جۆرەی نەکردووە کە ژانرە چەسپاوو بەهێواشی گۆڕاوەکانی وەک: ڕۆمان، چیرۆکی واقیعی، تراجیدیا، لیریک... هتد- دەگرێتەوە. لەم جۆرەیاندا لە چەمکی "لیریک، غەزەل" کە کەرەسەو بابەتی جەوهەریی توێژینەوەکەمانە دواوین‌و تایبەتمەندیی شیعری هەردوو شاعیرو ڕایەڵی نێوانیانمان نیشانداوە. ئەگەرچی هەندێ لە یاساو ڕێساو نەریتە هونەرییەکانی غەزەلی کلاسیکی عەرەبی فارسی، لای مەولەویش بەدیدەکرێ بەڵام نەک بەو شێوەیەی حافزی شیرازی‌و لەڕاستیدا مەولەوی لەڕووی زمان‌و بونیادی هونەری‌و کێش‌و سەرواوە ئازادیی قاڵبی شیعرییەوە، پەیڕەوی فۆلکلۆری کوردی‌و کەلەپووری شیعری هەورامیی کردووەو سوودێکی باشی لێ وەرگرتوون‌و جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ حافزو قوتابخانەکەیدا هەیەو سەربەستی‌و تایبەتمەندیی هونەریی خۆی پاراستووە.
جۆری پێنجەم- hypertextuality "لاساییکردنەوەو پابەندیی دەق"، بە واتایەکی تر گەڕانەوەی دەقی hypertext (B) بۆ hypertext (A) ە، زۆر بایەخدارەو ئێمەش نموونەی باشمان بۆ ئەم جۆرەیان هێناوەتەوەو لە چەمکی palimpsests "الأطراس، الرق" دواوین، کە بە واتای "سڕینەوەی چەندجارەی دەق"و نووسینەوەی دەقێکی تازە لەجیاتیی بە هەناسەیەکی ترەوە دێ‌و توانیومانە هەندێ ڕایەڵ‌و پەیوەندیی هونەریی شیعری هەردوو شاعیر بدۆزینەوەو بیانخەینەڕوو، کە ئەمەش کۆپیێ نییە، بەڵکو سوود لێ وەرگرتنە بۆ ئەفراندنی بەرهەمێکی تایبەت‌و داهێنەرانە. ئەم جۆرەیان وەک ئەدەبناسانیش ئاماژەیان پێداوە، لەجۆری یەکەمی دابەشکردنەکەی ج. جینێت نزیکدەبێتەوە، بەڵام لەهەندێ ڕووەوە نەک بەتەواوەتی.
بەرهەمی شیعریی ئەم دوو شاعیرە هێندە دەوڵەمەندو فرەلایەنن ئەگەر توێژەر سنوورێك بۆخۆی دانەنێ، لەوانەیە پرژوبڵاوییەك بکەوێتە توێژینەوەکەیەوەو گیانی زانستی‌و تۆکمەیی لەدەست

بدات، دەکرا بۆ هەر یەکێك لەو (٥) جۆرە بەدەیان نموونەی تر بهێنینەوە، ئەمەش پایەی ئەدەبیی مەولەویی تاوگۆزیو ناوازەیی بەرهەمی دەردەخا، کە دەتوانێ لەگەڵ گەورە شاعیرێکی لیریكو هومانیستێکی وەك حافزی شیرازیدا کە یەکێکە لە لووتکەکانی نەك هەر شیعری فارسی، بەڵکو جیهانیو ناوو بەرهەمی بەهەق – نەمرییان پێ بڕاوە– هاوشان بێ. بە ئومێدی ئەوەی شیعری مەولەویی تاوگۆزیش بکرێ بە زمانە زیندووەکانی دنیا، ئەوسا دەبینین کە کێی تر لە "عەرشی نەمری دەسوێ داوێن ! "

**سەرچاوەکان**


1. Allen, Graham (2000), Intertextuality, London and New York.
2. Baldic, Chris (1990), The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms “Oxford University Press”, London and New York.
3. Booker, M. Keith (1996), A Practical Introduction to Literary Theory and Criticism, “Longmar Publishers”, USA.
4. Genette, Gerard (1997), Palimpsests, “University of Nebraske press”, Lincoln N E and London.
5. Hebron, Malcolm (2004), The Language of Literature, “plagrage Master series”, London.
6. Miller, Lindy (2001), Practical Criticism, London.
7. Worton, Michail and Judith Still (ed.) (1990). Intertextuality: Theories and Practices, “Manchester University Press”, Manchester and New York.
8. Espark, K. (1993), Dikt I Dialog, Dialoger, Stockholm.
9. Genette, Gerard (2001), Introduktion till arketexten. “Genre-teori”, Översättning till Svenska: Thomas Gōtselius, Lund (Sweden).
10. Olson, A. (2000), Intertextualitet, Comparation och Reception, en enleadning, Literaturvetenskap, Staffan Bersten (red), Lund (Sweden).
11. Бертелъс Е . Э . (1965). Словар суфийских терменов , Мираат – и ущак .- избрыны труды – Суфизм и суфиская литература . М., с. 126-177.
12. Джалаладдин Руми (1965). Поэма о скрытом смысле , перевод с персидского – Наума Гребнева, Послесловие – О. Ф. Акимушкин , М., с. 215 – 231.

١٣. خرم شاهی، بهاء الدین (١٣٨٥): حافظ نامه – شرح الفاظ، اعلام، مفاهیم کلیدی و ابیات دشوار حافظ، بخش أول – دوم، تهران.

١٤. سودی، شرح بر دیوان حافظ، ترجمهٔ عصمت ستار زاده، جلد ١ (١٣٤١)، جلد ٢ (١٣٤٢)، تهران.

١٥. سیماداد (١٣٨٥)، فرهنگ اصطلاحات أدبی، "چاپ سوم"، تهران.

١٦. گەردی عەزیز (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم – جوانکاری، "چاپخانەی شارەوانی"، هەولێر.

١٧. محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠٠٧)، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی (بە دیالێکتی گۆرانی – هەورامی)، "چاپی سێیەم"، سلێمانی.

١٨. مەولەوی، دیوانی مەولەوی (١٩٦١)، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لەسەرنووسینی: مەلا عبدالکریمی مدرس، بەغداد.
١٩. مەولەوی، دیوانی مەولەوی (١٣٨٣)، لەسەر بناغەی تێکۆشانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، پێداچوونەوەو ڕێکوپێککردن و زیادکردنی: موحەممەد حیجازی و حەسەن گۆران، "چاپی دووەم"، سنندج.
٢٠. مەولەوی (لێکۆڵینەوە، پشکنین، شیعری بڵاونەکراوە) (١٣٧٦)، حەکیم مەلا ساڵح، "ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی"، ورمێ.
٢١. بلعابد، عبدالحق. (٢٠٠٨) عتبات (من النص إلى المناص)، "الدار العربية للعلوم ناشرون"، الجزائر.
٢٢. غني، قاسم، تأريخ التصوف الأسلامي (١٩٧٢)، ترجمه عن الفارسية: صادق نشأت، راجعه: د.أحمد ناجى القيسي و د.محمد مصطفى حلمي، "ملتزم النشر والطبع – مكتبة النهضة المصرية"، القاهرة، ص٧٨٨. {نقلاً عن ديوان "ترجمان الأشواق" لأبن عربي}
٢٣. ناتالى بييقى _ غروس ، ( ٢٠١٢ ) ، مدخل الى التناص ، ترجمة عبدالحميد بوراية ، " دارنينوى للدراسات و النشر والتوزيع " ، دمشق .

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث النتاجات الشعرية لشاعرين معروفين مبدعين كحافظ الشيرازي (١٣٢٥-١٣٨٩) و مولوى التاوجوزي (١٨٠٦-١٨٨٢) و إبداعاتهما في مجال الشعر الغنائي – الوجداني.

يُطَّبق الباحث في دراسته هذه مفاهيم منهج التناص intertextuality بشكل عام و خصيصاً منظور و تصنيفات العالم الفرنسي جيرارد جينيت، الذي يطرح مفهوماً آخر وهو transtextuality "تجاوز النص" بدل intertextuality، "التناص" بمفهومه العام الكريستوفى (جوليا كريستوفا) الذي يحدده ج.جينيت حصراً في النوع الأول من تصنيفه حيث يشمل فقط: "التلميح"، "التضمين"، و "السرقة الأدبية".. ومن الجدير بالذكر أن هذا النوع من تصنيف ج.جينيت الخمسة هو الأوفر حظاً في بحثنا من حيث كثرة النماذج الشعرية للتطبيق و لتبيان العلاقات الواضحة والخفيّة نوعاً ما في شعر حافظ و مولوى.

أما النوع الثاني عنده فهو paratextuality "الموازيات النصية" أى ما يتعَّلقُ به كالعنوان، العنوان الفرعي، الوسطي، المقدمة، الخاتمة و...الخ و تساعد هذه المفاهيم توضيح النص وإضاءة جمالياته الفنية.

والنوع الثالث لـ ج.جينيت هو metatextuality "الوصفية النصية" الذي يساعد القارئ في إستيعاب النص و تذوَّقه... إنه قراءة نقدية للنص وتشمل كتابات تقويمية أخرى، وحتى مقابلات المؤلف الصحفية و...الخ

كما وأن architextuality "جامع النص أو الجامعية النصية" هو النوع الرابع في منهجه و يُعتبر

أكثرهم تجريداً ويشمل فنون وأنواع أدبية، مثل الرواية، القصة الواقعية، التراجيديا، الشعر الملحمي، الشعر الوجداني... أى الأصناف الأدبية الرئيسية والثابتة التي قلّما تتغير أو تتطور بشكل نسبي و بطيئ.. وقد تطرّقنا هنا إلى "الشعر الغنائي – الوجداني" والذي يشكل مادة و صلب موضوع بحثنا، وأخذنا من نتاج الشاعرين نموذجين شعريين لتحليل بنيتهما والجوانب الفنية الأخرى لكليهما..

أما القسم الخامس والأخير من تصنيفات ج.جينيت هو hypertextuality "محاكاة أو التعَلُق النصي"، أى علاقة النص B بنص أقدم منه A. كما أن فكرة palimpsests "الأطراس" مهيمنة و ذو أهمية فائقة في منهج جينيت و تعتبر من أهم المحاور فيه. تعني هذه الكلمة "الأطراس"، الرّق المسموح، اللوح الذي كتب عليه مرات ولكن ليس بالذات إعادة حرفية للكتابة السابقة في كل مرة، بل صياغة جديدة ومبدعة لها. وقدّمنا لتطبيق التصنيفات الخمس نماذج شعرية وقمنا بتأويلها وتحليلها من هذا المنظور لأضاءة الجوانب الجمالية في شعر الشاعرين و روابطهما الفنية الوشيجة مع البعض، بالرغم من خصوصيتهما المتفردة.

## Abstract

Intertextuality is the notion that refers to the literal presence of a text in another text and it escalates in the sense that it is incorporated into literary theory. Intertextuality can be used to formulate boundaries around two blending relations; the relations being between critical questioning and texts along with the idea of scrutinizing and interpretation. We can see examples of these concepts within the works of H. Bloom, J. Kristeva, R. Barth, and G. Genette…etc
Kristeva coins the term intertextuality, and by doing so she introduces the works of a famous theorist such as M. Bakhtin.

While exploring Kristeva's view of intertextuality, making it both a literal and effective presence, we can see how a text is being taking out of another text. Therefore, G. Genette opposes the term intertextuality and argues that it should be called transtextuality. In which the ideas and texts involved and connected whether latent or explicit, is the way intertextuality is actually used.
Genette also promotes many subcategories of transtextuality; two of those being architextuality and Kristevan intertextuality which includes: allusion, quotation and plagiary. Other categories would be metatextuality and paratextuality. The fifth one of these subcategories is hypertextuality which involves any form of relation that relates text B (hypertext) to a (hypotext) text A. This phenomena is most frequently called inter-text by most critics. Inter-text is also characterized by its ability to be identified as a main provider of a text.
This particular study concerns the lyrical poems of two poets: the Persian poet Hafez Shirazy (1325-1389) and the Kurdish poet Abudrrahim Mawalwi (1806-1882) and how they can be classified through G. Genette's method. The author attempts to show the explicit and latent lines of these two poets' poems, along with their poetic atmospheres and surroundings.